تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (6020) دووشەممە 12ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ سەبارەت بە ڕەوشی ئازادیی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستان چەواشەکاری بڵاو دەکاتەوە

لە ڕێککەوتی ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس ووچ) هەواڵێکی شیکاری لەسەر داخستنی ئۆفیسەکانی کەناڵی (ئێن ئار تی) لە هەرێم بڵاوکردەوە. لە هەواڵەکەدا، ڕێکخراوەکە چەند تۆمەتێکی بێ بنەمای خستووەتەڕوو، گوایە حکومەتی هەرێم ئازادیی ڕادەربڕینی بەرزەفت کردووە. بۆ ئەم تۆمەتە، ڕێکخراوەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئۆفیسەکانی (ئێن ئار تی) بە نایاسایی داخراوە و پێشتر هیچ هۆشداریەکی یاسایی بۆ نەچووە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال دەستپێکە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140

تاریق حەرب: ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی شنگال بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور

ئاوارەیەکی شنگال: دەمانەوێت یەکەمجار پێشمەرگە بچنەوە شنگال و ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە




لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق سەبارەت بە دۆخی شنگال و ئاساییکردنەوە ڕێککەوتن، ئەمەش بووە هۆی دەنگدانەوە و زۆربەی لایەنەکان پاڵپشتی ئەو ڕێککەوتنە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال دەکەن، لەمبارەیەوە کەسایەتییە سیاسییەکان ڕێککەوتنەکە بە هەنگاوێکی گرنگ وەسف دەکەن و هەروەها وەک رووداوێکی گرنگ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و پاڵپشتیی نێودەوڵەتیشی لێ دەکرێت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



وەزیری ئاوەدان کردنەوە:

سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی دووسایدی دوکان - چوارقوڕنە دادەنێت



هەوڵێکی دیکەی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک بۆ تەعریبکردنی شارەکە ئاشکرا دەبێت

ڕاکان جبووری، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک نووسراوێکی ئاراستەی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووک کردووە بەمەبەستی دەرکردنی جووتیارانی کورد لە ناوچەی سەرگەڕانی ڕۆژئاوای شارەکە.

بەپێی بەڵگەیەک، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک لە 13ی ئەیلوولی 2020، نووسراوێکی بەژمارە 2427 ئاراستەی سەعد حەربیە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک کردووە بۆ لابردنی زیادەڕۆییەکانی سەر زەوییە کشتەکاڵییەکانی سەرگەڕان و دەرکردنی جووتیارە کوردەکان و گەڕانەوەی جووتیارانی عەرەب بۆ سەر زەوی و خانووەکانیان.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەمڕۆ گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەستپێدەکەنەوە



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ناسر حوسێن وەزیری گواستنەوەی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە گەشتەکانی نێوان عێراق و ئێران دەستپێدەکەنەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



ئەمەریکا.. گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا بۆ زیاتر لە 219 هەزار کەس بەرزبووەتەوە

ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدان لە ئەمەریکا بە هۆی کۆرۆنا لە بەرزبوونەوەدایە و لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش کالیفۆرنیا لە ریزبەندیی یەکەمی ویلایەتەکاندا دێت لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون کە ٨٥٢ هەزار و ٦٦٦ حاڵەتی تیادا تۆمارکراوە و لەدوای ئەویش بە ٨٣٢ هەزار و ٩٢٨ حاڵەت تێکساس و بە ٧٢٨ هەزار و ٩٢١ حاڵەت فلۆریدا دێن. لەرووی ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیشەوە، ویلایەتی نیویۆرک بە ٣٣ هەزار و ٣٧٧ حاڵەت لە ریزبەندی یەکەمی سەرجەم ویلایەتەکاندایە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)







سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

مامۆستا ع.ع شەونم هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی کولتوور و ئەدەب و زمانی گەلەکەی تەرخان کرد

خەبات/ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیری دێرین و ئەدیبی پێشەنگ و پەروەردەکاری ناسراو مامۆستا ع.ع شەونم پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایگەیاند: خوالێخۆشبوو وەك رووناکبیر و کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر، هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی کولتوور و ئەدەب و زمانی گەلەکەی تەرخان کرد و لە زۆر بوارداو جێپەنجەی داهێنەرانە و بەرهەمی بەنرخ و سەنگینی بەجێهێشت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەشڵێ: بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکار و دۆستانی، هەروەها لە ئەدیب و شاعیرانی کوردستان دەکەم، لە خوای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەك ببەخشێت.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییی شاعیری دێرین و ئەدیبی پێشەنگ و پەروەردەکاری ناسراو مامۆستا ع.ع شەونم پێگەیشت.

خوالێخۆشبوو وەك ڕووناکبیر و کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر، هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی کولتوور و ئەدەب و زمانی گەلەکەی تەرخان کرد و لە زۆر بوارداو جێپەنجەی داهێنەرانە و بەرهەمی بەنرخ و سەنگینی بەجێهێشت.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکار و دۆستانی، هەروەها لە ئەدیب و شاعیرانی کوردستان دەکەم، لە خوای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەك ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
١١/١٠/٢٠٢٠

وەیسی سەعید وەیسی:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە پرۆسەی چاکسازی



پەرلەمانتارێکی کوردستان رایدەگەیەنێت کە پەرلەمان بە وردی چاودێری قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەکات و 3 مانگ جارێك حکوومەت ڕاپۆرتێکی تایبەت لەمبارەیەوە بۆ پەرلەمان دەنێرێ.

وەیسی سەعید وەیسی، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان، لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: بۆ ئەوەی لە هەنگاوەکانی چۆنیەتی کەوتنە باری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئاگادارببین، وا بڕیارە هەر سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتێکی تایبەت لەمبارەیەوە بنێردرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەمەشدا ڕێڕەوبوونی حکوومەت و خودی سەرۆکوەزیران دەردەکەوێ کە بەڵێنی داوە دوور لە هەموو موزایەدەیەك لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بێت و لەبەردەم پەرلەمانیش بەڵێنیدا ڕاپۆرتێکی تایبەت بە گشت وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی یاساکە ڕەوانەی پەرلەمان بکات.

گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی یاساکە، بۆ ئەمەش لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کۆمەڵێك پەیڕەو و ڕێنمایی دەرکراون و گرنگە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە لایەن پەرلەمان چاودێریی وردی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی بکرێت.

هەوڵێکی دیکەی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک بۆ تەعریبکردنی شارەکە ئاشکرا دەبێت

ڕاکان جبووری، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووك نووسراوێکی ئاراستەی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووك کردووە بەمەبەستی دەرکردنی جووتیارانی کورد لە ناوچەی سەرگەڕانی ڕۆژئاوای شارەکە.

بەپێی بەڵگەیەك، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووك لە 13ی ئەیلوولی 2020، نووسراوێکی بەژمارە 2427 ئاراستەی سەعد حەریبە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووك کردووە بۆ لابردنی زیادەڕۆییەکانی سەر زەوییە کشتەکاڵییەکانی سەرگەڕان و دەرکردنی جووتیارە کوردەکان و گەڕانەوەی جووتیارانی عەرەب بۆ سەر زەوی و خانووەکانیان.

ڕاکان جبووری پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووك، لە نووسراوەکەدا، داوای کردووە شێخ عەلی حەواس سەرۆکی عەشیرەتی شەممەر جووتیارە هاوردە عەرەبەکانی سەردەمی بەعس بگەڕێنێتەوە گوندەکانی پەلکانە و سەرگەڕان.

شایانی باسە بەعەرەبکردنی کەرکووك بەرنامە بۆ دارێژراوە و هەوڵ دراوە هەموو کات ئەو تەعریبە بە یاسا بکرێت، ئەو تەعریبەی ئێستاش دەکرێت، خەریکە بە یاسا ڕێك دەخرێت، لەکاتێکدا بەشێك لەو عەرەبانەی ئێستا دەیانەوێت بگەڕێنەوە سنووری کەرکووك، پێشتر بەپێی مادەی 140 قەرەبوو کراونەتەوە و نێردراونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام ئێستا کە گەڕاونەتەوە پێچەوانەی یاسا و دەستوورە، دەبێت کار بکرێ بۆ ئەوەی ڕێیان لێ بگیرێ.

فوئاد حوسێن:

بەردەوامین لە پاڵپشتیکردنی تیمی لێکۆڵێنەوە لە تاوانەکانی داعش



وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاندووە ئەوان حکوومەتی عێراق بەردەوام دەبن لە پاڵپشتیکردنی تیمی لێکۆڵێنەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش. وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن سەبارەت کاری تیمی لێکۆڵێنەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش ڕایگەیاند کە حکوومەتی عێراق بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی تیمەکە.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە فوئاد حوسێن پێشوازی لە سەرۆکی تیمی لێکۆڵێنەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش، کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان کردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە دیدارەکەدا، سەبارەت بە گرنگی سەرکەوتنی کارەکانی تیمی لێکۆڵێنەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش لە بەدیهێنانی دادپەروەری گفتوگۆکراوە و لەوبارەیەوە وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاندووە کە حکوومەتی عێراق بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی تیمەکە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیشدراوە کە لە دیدارەکەدا، هەردوولا جەختیانکردووتەوە لەسەر بەردەوامیدان بە گفتوگۆ و کاری هاوبەش لە سەرجەم بوارەکاندا لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامی باش. ئەوەیش خراوەتەڕوو کە سەرۆکی تیمی لێکۆڵێنەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی داعش، کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان کە لە دیدارەکەدا، باسی لەوەکردووە، گەشتەکان لە فڕۆکەخانەکانی بەغدا و نەجەف بۆ فڕۆکەخانەکانی تاران و مەشهەد و بە پێچەوانەشەوە دەبێت. وەزیری گواستنەوەی عێراق هۆکاری دەستپێکردنەوەی ئەم گەشتانەی بە تەنها لەو دوو فڕۆکەخانە عێراقییە بۆ ڕۆژنامەی خەبات حستەڕوو گوتی بەهۆی ئەوەی زۆرترین ئاڵوگۆڕی گەشتیاری لەنێوان عێراق و ئێران لە بواری زیارەت و گەشتیاری ئاینیدایە، بۆیە ئێران تەنها لەم دوو فڕۆکەخانەوە گەشتەکانی لەگەڵ عێراق دەستپێدەکاتەوە و چاوەڕی دەکرێت لە ئەمەش لەکاتێکدایە هەرێمی کوردستان جەخت لە لێکۆڵینەوە لە تاوان و ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە داعش لە دژی خەڵکی سڤیل ئەنجامیداون، دەکاتەوە و ئامادەیی هەر جۆرە هەماهەنگی و هاوکارییەکیشە بۆ بەسزاگەیاندنی تیرۆریستان.

وەزیری گواستنەوەی عێراق بۆ (خەبات):

ئەمڕۆ گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەستپێدەکەنەوە



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ناسر حوسێن وەزیری گواستنەوەی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە گەشتەکانی نێوان عێراق و ئێران دەستپێدەکەنەوە.

ناسر حوسێن وەزیری گواستنەوەی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند، گەشتەکانی نێوان عێراق و ئێران بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو و بۆ کۆمپانیای گشتیی هێڵی ئاسمانی عێراق ئەمڕۆ دووشەممە دەستپێدەکاتەوە.

ئەوشی خستووەتەڕوو، دەستپێکردنەوەی گەشتەکان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی فڕۆکەوانیی ئێران بووە. باسی لەوەشکردووە، گەشتەکان لە فڕۆکەخانەکانی بەغدا و نەجەف بۆ فڕۆکەخانەکانی تاران و مەشهەد و بە پێچەوانەشەوە دەبێت. وەزیری گواستنەوەی عێراق هۆکاری دەستپێکردنەوەی ئەم گەشتانەی بە تەنها لەو دوو فڕۆکەخانە عێراقییە بۆ ڕۆژنامەی خەبات حستەڕوو گوتی بەهۆی ئەوەی زۆرترین ئاڵوگۆڕی گەشتیاری لەنێوان عێراق و ئێران لە بواری زیارەت و گەشتیاری ئاینیدایە، بۆیە ئێران تەنها لەم دوو فڕۆکەخانەوە گەشتەکانی لەگەڵ عێراق دەستپێدەکاتەوە و چاوەڕی دەکرێت لە ئاینەدا لە فڕۆکەخانەکانی دیکەشەوە گەشتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران دەستپێبکاتەوە.

ئەمەش لەکاتێکدایە، لە ڕۆژی 25 مانگی ڕابردوودا و لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی ئێران گەشتە ئاسمانییەکانی عێراق و ئێران ڕاگیران. لەلایەکی تریشەوە هەر دوێنێ یەکشەممە لە شاری ئەهوازی ڕۆژئاوا عەرەب کە پایتەختی هەرێمی خوزستانە تەقینەوەیەك ڕوویدا و بەهۆیەوە 6 کەس کوژران و 9 کەسیش بریندار بوون تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە دەسەڵاتدارانی ئێران هۆکار و وردەکاری ئەم تەقینەوەیان ئاشکرا نەکردووە.



رێککەوتنی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال دەستپێکە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140

تاریق حەرب: رێککەوتنی ئاساییکردنەوەی شنگال بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور

ئاوارەیەکی شنگال: دەمانەوێت یەکەمجار پێشمەرگە بچنەوە شنگال و ئالای کوردستان بەرزبکەنەوە





لە چەند رۆژی رابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق سەبارەت بە دۆخی شنگال و ئاساییکردنەوە رێککەوتن، ئەمەش بووە هۆی دەنگدانەوە و زۆربەی لایەنەکان پالپشتی ئەو رێککەوتنە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال دەکەن، لەمبارەیەوە کەسایەتییە سیاسییەکان رێککەوتنەکە بە هەنگاوێکی گرنگ وەسف دەکەن و هەروەها وەک رووداوێکی گرنگ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و پالپشتیی نێودەوڵەتیشی لێ دەکرێت.

تاریق حەرب گەورە، یاساناسی عێراق بە کوردستان24ی راگەیاندووە: دەکرێت ئەو رێککەوتنە ببێتە دەستپێکێك بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی ماددەی 140ی دەستوور، چونکە رێککەوتنەکە توانی ببێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا لە سەر بنەمای دەستوور.

لەکاتێکیشدا ئەو رێککەوتنە نارەزایەتی گرووپە چەکدارەکانی لێکەوتووەتەوە، ئیخلاس دلێمی، پەرلەمانتاری پارێزگای نەینەوا دەڵێت: ئەو گرووپانە دۆخێکی ئەمنی ناجێگیریان دروستکردووە و بەهۆی ئەو کارەیان ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە، بۆیە بەم رێککەوتنە گورز لە بەرژەوەندییەکانیان دەدرێت. جەختیش دەکاتەوە، ئەوەی کە بتوانێت ئەو ناوچە بپارێزێت تەنها هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقە.

ئەو پەرلەمانتارەی نەینەوا دووپاتیکردەوە، دۆخی شنگال زۆر کارەساتبارە، چونکە من عەرەبم و دانیشتووی مووسڵم بە چاوی خۆم بینیومە خەڵکی شنگال لە چ رەوشێکی نەخوازراودا و پێویستیان بەوەیە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام چۆن بگەڕێنەوە کە پەکەکە و حەشدی شەعبی و چەندین گرووپی دیکە دەستیان بەسەر ئەمنیەتی ئەو ناوچەیەدا گرتووە، بۆیە نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە، شنگال تەنها پێویستی بە پۆلیسی ناوخۆیە بۆ پاراستنی سەنتەری قەزاکە و هێزەکانی پێشمەرگەش شایستەی ئەوەن سنووری شنگال بپارێزن، چونکە نزیکەی 1500 شەهیدیان لە پێناو ئەو شارە داوە، سوپای عێراقیش بە هەمان شێوە.

ئەوەی لایەنێکی سەرەکین و دڵخۆشن بە رێککەوتنەکە، ئاوارەکانن کە چەند ساڵێکە لە ترسی گرووپەکان و نالەباری دۆخە ئەمنییەکە ناتوانن بگەڕێنەوە، ئێستا بە ئومێدەوە لەو رێککەوتنە دەڕوانن، بە تایبەتی ئاوارەکانی شنگال، ئەوانەی لە کەمپەکانی دهۆك نیشتەجێن بە رێککەوتنی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال، دەڵێن هیواخوازن بەزووترین کات تەنیا ئالای کوردستان و عێراق لە شنگال بشەکێنەوە.

شنگال، ئەو دەڤەرەی بووەتە پێگەیەکی گرنگی سەردەم، دوای ئەوەی لە مانگی ئابی 2014 لەلایەن چەکدارانی داعش داگیرکرا و، پاشان لە 11-13 2015 لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە نازادکرا، لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا دۆخی ئاسایی نەبووەتەوە، بەڵام رۆژی هەینیی رابردوو هەولێر و بەغدا لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی قەزاکە رێککەوتن.

ئاوارەیەکی شنگال کە نیشتەجێی کەمپێکی دهۆکە لە لێدوانێکدا سەبارەت بە رێککەوتنەکە بە کوردستان24ی راگەیاندووە و دەڵێ: ئێمە زۆر دڵخۆشین و دەمانەوێت ئەو حکوومەتە ناشەرعییانەی ئێستای ئەوێ دەرکەن و تەنیا ئالای فیدراڵی و ئالای هەرێم لەوێ بشەکێنەوە، ئێمە هیچ ئالایەکی دیکەمان ناوێت. هەروەها ژنێکی ئێزدیی ئاوارە دەڵێ دەمانەوێت هەموو شتێکمان تەواو بێت و بگەڕێینەوە سەر شوێن و ماڵی خۆمان، با لە شوێنی خۆمان بمرین نەوەك لێرە زیندووبین.

یەکێك لە کەسایەتییەکانی شنگال باس لەوە دەکات هەنگاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە ئاساییکردنەوەی رەوشی شنگال جێگەی رێزە و ئەوان هیوادارن جارێکی دیکە پێشمەرگە بگەڕێتەوە و ئالای کوردستان لەسەر چیای شنگال هەڵبدرێتەوە.

عەبدولهادی شنگالی، کەسایەتیی شنگال کە بە هەمان شێوە ئاوارەی دهۆکە، دەڵێ شەش ساڵە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ نەما نەیکات بۆ یارمەتیدانمان. ئێمە، دەمانەوێت یەکەم جار پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بچنەوە شنگال و ئالای کوردستان بەرزبکەنەوە، نامانەوێت پێنج شەش ئالامان هەبێت، دەمانەوێت بەبێنە یەك دەستە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەی قارەمان، لەگەڵ سوپای عێراق بێنە شنگال. (دەمانەوێت) قەرەبووممان بکەنەوە، قەرەبووی ئەوانەی ماڵیان کاول بووە کە هازارن کەس دەبن.

رووداوەکانی مانگی ئابی 2014 و ئۆکتۆبەری 2017 دوو هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئاوارەبوونی خەڵکی شنگال بەرەو کوردستان و ئالۆزبوونی رەوشی ئەو قەزایە، بەڵام رۆژی هەینی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی رێککەوتن رەوشی شنگال ئاسایی ببێتەوە، ئەمەش خەڵکە ئاوارەکەی دڵخۆش کردووە.

رێککەوتنی دیکە بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان دەکرێت

جوان ڕۆژبەیانی: ڕۆژانی داهاتوو هەنگاوی کردەیی بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشی شنگال دەندرێت



ڕێککەوتنیی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی ئاساییکردنەوەی رەوشی شنگال جێبەجێ دەکرێت و سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش ئاشکرای کردووە،

هەنگاوی دیکەش بەرێوەن بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچەکانی دیکە.

جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە پەرلەمان ئاگاداری ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدایە و پێشتر لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان ڕاسپاردە و پێشنیاری خۆی داوەتە شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا بە ئەرێنی دەبینین بۆ چارەسەرکردن و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان، چونکە دەستوور ڕێگای یاساییی دیاری کردووە بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان گوتیشی: ئەمەی کراوە تەنیا هەنگاوێکی سەرەتاییە و هەنگاوی دیکەش بەدوایدا دێت، واتە ڕێککەوتنی دیکەش لەبارەی ئاساییکردنەوەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

جوان ڕۆژبەیانی جەختییشکردەوە: کەرکووك و شنگال ڕەوشێکی تایبەتیان هەیە و گرینگە ڕەوشەکەیان ئاسایی بکرێتەوە و کۆتایی بە ڕەوشی ئالۆزیان بێت، لەبەر ئەوەش، ڕۆژانی داهاتوو هەنگاوی کردەیی بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی دەڤەری شنگال دەنرێت.

جێگری پارێزگاری نەینەوا:

رێککەوتنی هەولێر و بەغدا دەبێتە هاندەرێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە هۆی بوونی گرووپی چەکدار و میلیشیاکان نەیاندەتوانی هاوکاری بگەیەننە شنگال



جێگری پارێزگاری نەینەوا بۆ کاروباری رێکخراوەکان ئاشکرای کرد، رێککەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بێنەوە شنگال و دەست بە خزمەتکردن و ئاوەدانیی ناوچەکە بکەن.

عەلی عومەر کەعبوو، جێگری پارێزگاری نەینەوا بۆ کاروباری رێکخراوەکان بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕەوشی شنگال گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار و لەمێژە خەڵکی شنگال چاوەڕێی رێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بوون، چونکە دوای ئەم رێککەوتنە دەست بە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی شنگال دەکرێت و ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانەی پێشتر بەنیازی ئاوەدانکردنەوەی شنگال بوون، بەڵام لەبەر نەبوونی ئیدارەی شەرعی و بوونی گرووپی چەکدار و میلیشیا نەیاندەتوانی لەوێ چالاك بن، دوای ئەم رێککەوتنەی هەولێر و بەغدا، ئیدارەیەکی نوێ بۆ شنگال دادەنرێت و کاری باشتر لە سنووری شنگال دەکرێت.

جێگری پارێزگاری نەینەوا ئاماژەی بەوەش دا: پێشتر و ئەوکاتانەی رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان دەچوونە شنگال کاری ئاوەدانی بکەن، ئیدارەیەکی ناشەرعی ببووە ئاستەنگ لەبەردەمیان، بەڵام بە جێبەجێبوونی ئەم رێککەوتنە ڕەوشەکە لە بەرژەوەندیی خەڵکی شنگالدا دەبێت و دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.

ئایدن مەعروف:

رێککەوتنی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال لەم قۆناغەدا گرنگی خۆی هەیە



وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئایدن مەعروف پشتیوانی خۆی بۆ رێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و پێکهێنانی ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ شارەکە ڕاگەیاند. دەستخۆشی و پشتیوانی خۆمان بۆ رێککەوتنی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال دووپات دەکەینەوە، ئەم هەنگاوە ئیجابییە لەم قۆناغەدا گرنگی خۆی هەیە.

ئایدن مەعروف هیوای خواستووە رێککەوتنەکە ببێتە هۆی گەڕانەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ ناوچەکە و ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان و رایگەیاند، هیوادارم ئەم رێککەوتنە ببێتە هۆی گەڕانەوەی خوشك و برایانی پێکهاتەی ئێزدی بۆ زێدی باب و باپیرانیان و کەمکردنەوەی ئازار و نەهامەتییەکانیان کە لە رابردوودا دووچاری نەهامەتی و ئاوارەیی و پەلامار و زوڵمێکی زۆر بوونەوە لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعش.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان،ئایدن مەعروف هیوای خواستووە ئەم هەنگاوە ببێتە دەسپێکێك بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دەڵێت، هیواداریین ئەم هەنگاوە ببێتە دەسپێکێك بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ گەڕانەوەی پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە بۆ زێدی باب و باپیرانیان. ئایدن مەعرف هیوای ئەوەیشی خواستووە کە ئەم هەنگاوە ببێتە هەوێنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و قوڵبوونەوەی ڕوحی پێکەوەژیان و یەکتر قەبوڵکردنی نێوان پێکهاتەکان.

قاسم شەشۆ: ئەوانەی دژایەتیی رێککەوتنی شنگالن نوێنەرایەتیی خەڵکی ناوچەکە ناکەن



فەرماندەی فەرماندەیی شنگالی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد ئەو لایەنە ناشەرعییانەی شنگال کە دژی رێککەوتنن لە بارەی شنگالەوە، بە هیچ جۆرێك نوێنەرایەتیی خەڵکی ناوچەکە ناکەن.

قاسم شەشۆ، فەرماندەی فەرماندەیی شنگالی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند، خەڵکی ناوچەکە چاوەڕێی جێبەجێکردنی رێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقن لەسەر ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شنگال، ئەمە رێککەوتنێکی زۆر باشە و 100% لە خزمەت شنگالییەکاندایە، خەڵك دەگەڕێتەوە سەر ماڵ و جێی ڕەسەنی خۆی، دەبێ گرووپە ناشەرعییەکان شنگال چۆڵ بکەن و ئارامی و ئاوەدانی بۆ شنگال بگەڕێتەوە.

ئەوەشی دەربڕی، کە ئەو هێزە ناشەرعییانەی دژایەتیی ئەم رێککەوتنە دەکەن، نایانەوێت خۆشگوزەرانی بگەڕێتەوە شنگال و ئاوەدان بکرێتەوە، ئەوانە نوێنەرایەتیی خەڵکی شنگال ناکەن و هێزی ناشەرعین و لە دەرەوە هاتوون، ماڵی ئێزدییش چەند کەسێکن و نوێنەرایەتیی خەڵکی شنگال ناکەن. لای خۆیەوە، قاسم دەربڕ، کەسایەتیی ئێزدی لە شنگال بە خەباتی ڕاگەیاند کە ئەو لایەنانەی لە شنگال بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کار دەکەن، بەم رێککەوتنە ڕازی نین، ئەو لایەن و هێزانە یاسایی و شەرعی نین.

ئاماژەی بەوەش کرد، ئەم رێککەوتنە خزمەتی زۆر بە کوردانی ئێزدی دەکات، کە دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێن و ماڵی خۆیان.



سەرکردەیەکی سۆسیالیست:

دوای شنگال پێویستە هەوڵی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەش بدرێت

سەرکردەیەکی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت ئەوان بە بایەخەوە لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بۆ پرسی ئاساییکردنەوەی شنگال دەڕوانن و دەشڵێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنیی کەرکووک و خانەقینیش ڕێککەوتنی لەو شێوە پێویستە.

ڕەسوڵ ڕەئووف، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی حزبی سۆسیالیست دیموکرتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: هەر هەنگاوێک لە شنگالەوە تا خانەقین بگیرێتەبەر بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنیی ناوچانەی کە بەهۆی تیرۆریستانی داعشەوە زیانمەند بوون و پاشتر ئاڵۆزی ڕووی تێیان کردبێ و کێشەیان تێدا دروست بووبێت، جێگەی دەستخۆشییە عێراق لەسەری ڕێککەوتوون و دوایی دەبێ جێگیر ببێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پاراستنی ئەو ناوچانە، چونکە هەر هێزێکی سەربازی لە ناوچەکە جێگیر بێت، بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا ئەوا دەبێت بە هەستکردن بە بەرپرسیارەوە ئەو ناوچەیە بپارێزرێت.

شایانی باسە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بۆ پرسی ئاساییکردنەوەی شنگال لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە کارێکی گرنگ و ئەرێنی لەقەڵەم دراوە و یەکێکە لە دەستکەوتە سیاسییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان.

و شنگالیش وەک ناوچەیەکی کوردستانی بەهۆی فرە هێزییەوە ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بووەتەوە و هەر بەو هۆیەوە ئاستەنگ دروست بووە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان.

ئەو سەرکردەیەی سۆسیالیست گوتیشی: ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەنگاوێگی گرنگە بۆ ئاساییکردنەوەی شنگال و هیواردین ئەم ڕێککەوتنە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لە سنووری کەرکووک و خانەقین بگرێتەوە، چونکە ئەو ناوچانەش بەهۆی بوونی هێزی ئەمنی و میلیشیاییەوە ناسەقامگیرن.

ڕەسوڵ ڕەئووف ئەوشی خستەڕوو: گەڕانەوەی ئاوارەکان یەکێک دەبێت لە هەنگاوە گرنگەکانی ئە ڕێککەوتنە، هەروەها جێگیربوونی هێزی سەربازی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و

هەردوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێم و عێراق تاوتوێی چەند بابەتێکی گرنگ دەکەن

پێداچوونەوە بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و میکانیزمی نوێ بۆ هاتنی کرێکاری بیانی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری دەکرێت



دوێنێ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق، عادل ڕوکابی سەردانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم، کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتیی عێراق، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، تەوەری کۆبوونەوەکەیان خستەڕوو و ئاماژەیان بەناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە کرد.

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق، عادل ڕوکابی گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا باسمان لەوە بابەتانە کرد کە پێشتر لەنێوان هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری هەرێم و عێراق قسەی لەسەر کراوە، هەرێم تێبینی لەسەری هەیە، ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی دێنە پارێزگاکانی عێراق، بۆیە ئەم بابەتە زۆر گرنگە، چونکە کاریگەری لەسەر هەڵی کار دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی هەرێم باس لەو بابەتە دەکەین.

عادل ڕوکابی گوتیشی: ڕێککەوتین لەسەر دڕێژەدان بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و ئەوەی گفتوگۆمان لەسەر کرد پێکهێنانی دوو لیژنەیە بۆ بەردەوامی و هەماهەنگی لەنێوان جێبەجێکردنی ئەو بابەتانەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق جەختی لەوەشکردەوە کە پێداچوونەوە لەسەر پڕۆژەیاساکانی کار دەکەن و گوتی: ڕێککەوتین لەسەر پێداچوونەوە بە پڕۆژەیاساکانی کار و وەزارەتی کاری هەرێم، هەندێک تێبینیان لەسەری هەیە و ئەم لیژنەیە پێداچوونەوە دەکات بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت.

عادل ڕوکابی ئاماژەی بەوەشکرد کە بابەتی یاسای خانەنشینی کرێکاران قسەی لەسەر کراوە، هەرێم تێبینی لەسەری هەیە، ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی دێنە پارێزگاکانی عێراق، بۆیە ئەم بابەتە زۆر گرنگە، چونکە کاریگەری لەسەر هەڵی کار دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی هەرێم باس لەو بابەتە دەکەین.

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەکەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراق و گۆڕینەوەی ئەزموونە لەنێوان هەردوولادا و کۆمەڵێک خاڵ کە ماوەیەکە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و بۆ چارەسەرکردنیان قسەی لەسەر کرا.

گوتیشی: چەند داواکاری و پێشنیازێکمان خستە بەردەم وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق و وەڵامی ئەرێنییان هەبوو، چەند لیژنەیەک پێکدێت کە هەندێکیان پێویستی بە سەردان هەیە بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند بابەتێکی پەیوەندار وەکو، بابەتی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی کە ئەوان هاوکاریمان دەبن. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە کرد و گوتی: لەسەر بابەتی یاسای کار و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی قسەمان کردووە و لیژنە پێکدەهێنین و ئەزموونی یەکتر دەگۆڕینەوە و هەندێک بابەت هەیە کە پەیوەستە بە هەردوولا.

داوا دەکرێت سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی عێراق ئامادەی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران بن

سەرۆکوەزیرانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی داوای کرد کە وادەیەک دیاری بکرێت بۆ ئەوەی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی و وەزیری دارایی، عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی کە لە دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادە بن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە محەمەد حەلبوسی لە میانی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەراندا داوای کردووە کە وادەیەک دیاری بکرێت بۆ ئەوەی مستەفا کازمی و عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی لە دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ئامادە بن.



ئازەربایجان.. لە بۆردوومانێکی سوپای ئەرمینیا بۆ سەر شاری گەنجە، حەوت سەربازی ئازەربایجان کوژران و ژمارەیەک بانەخانەش خاپوورببوون.

ژمارەی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە نزیکەی 60 هەزار کەس

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دوێنێ ئێوارە ڕاگەیەندراوێکی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی پێش ڕاگەیەندراوەکەی بڵاوکردەوە و بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی دوێنێ ٥٨٩ کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و ٢٤ کەس بەهۆی ڤایرۆسەکە گیانلەدەستداوە، هەروەها ٣٣٦ کەسیش لە ڤایرۆسەکە چاکبونەوەتەوە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دوێنێ ئێوارە ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٥٨٩ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) و ٢٤ حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە، ٥٥ هەزار و ٧٤٥ حاڵەت و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە هەزار و ٩٩٢ حاڵەت.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دوێنێ ئێوارە بڵاوی کردەوە، بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، پێنج هەزار و ٦٣٦ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و دەرەنجام ٥٨٩ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

پارێزگای هەولێر، ٢٣٣ تووشبوو، شەش حاڵەتی گیانلەدەستدان.

پارێزگای سلێمانی، ١٧٥ تووشبوو، چوار حاڵەتی گیانلەدەستدان.

ئیدارەی گەرمیان، ٣١ تووشبوو، دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان.


پارێزگای دهۆک، ١٣٠ تووشبوو، هەشت حاڵەتی گیانلەدەستدان.

پارێزگای هەڵەبجە، ٢٠ تووشبوو، یەک حاڵەتی گیانلەدەستدان.


ئاماژە بەوەشدراوە لە میانی٢٤ کاتژمێردا، ٣٣٦ کەس لە ڤایرۆسەکە چاکبونەوەتەوە، هاوکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا ٥٢٥ هەزار و ٥٩٤ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە

ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆووچ سەبارەت بە ڕەوشی ئازادیی ڕاببڕین لە هەرێمی کوردستان چەواشەکاری بڵاو دەکاتەوە







لە ڕێککەوتی ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس ۆوچ) هەواڵێکی شیکاری لەسەر داخستنی ئۆفیسەکانی کەناڵی (ئێن ئار تی) لە هەرێم بڵاوکردەوە. لە هەواڵەکەدا، ڕێکخراوەکە چەند تۆمەتێکی بێ بنەمای خستووەتەڕوو، گوایە حکومەتی هەرێم ئازادیی ڕادەربڕینی بەرزەفت کردووە. بۆ ئەم تۆمەتە، ڕێکخراوەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئۆفیسەکانی (ئێن ئار تی) بە نایاسایی داخراوە و پێشتر هیچ هۆشدارییەکی یاسایی بۆ نەچووە.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان حکومەتی هەرێم، بە پێویستیزانی ئەم بەیاننامەی خوارەوە بڵاوبکاتەوە:

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەرپرسە لە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت، لێدوان و بەیاننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە هەرێم، هاوکات دەسەڵاتی دامازراوەیی پێدراوە تا، بە ڕاوێژ لەگەڵ داموودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم، هەڵوێستی هەرێم بە لایەنەکان بگەیەنێت. لەم سۆنگەیەوە، نووسینگەکەمان ڕاوێژی بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێم و داواکاری گشتی کردووە، بەر لەوەی بەیاننامەکەی پێشووتر سەبارەت بە داخستنی ئۆفیسەکانی کەناڵی ناوبراو بڵاوبکاتەوە. هەڵوێستی هەرێم دەربارەی ئەم پرسە ڕوونە. (ئێن ئار تی) زیاد لە جارێک پێشێلکاری یاسای کردووە، و هەر لە چوارچێوەی یاساش مامەڵەی لە گەڵداکراوە.


ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆوچ دەیەوێت ڕای گشتی بە لاڕێدا ببات. ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پشتەستوور بە هەڵوێستی ڕوونی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ڕۆشنبیری، پێشتر ئاماژەی بە لایەنە یاساییەکانی داخستنی ئۆفیسەکانی (ئێن ئار تی) داوە. کەناڵی ناوبراو، لە مانگی شەشی ئەم ساڵەوە چەندان هۆشداریان بۆ چووە، کە دەست هەڵگرن لە چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ بنەما و هاندانی خەڵکی بۆ شکاندنی ڕێنماییەکانی دووری کۆمەڵایەتی لە دەمی مەترسی کۆرۆنا. ئەم هۆشدارییانە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و داواکاری گشتییەوە ئاڕاستەکراون و بەم بەیاننامەوە هاوپێچکراون.

سەبارەت بەوە دەنگۆیانەی کە گوایە داخستنی ئۆفیسەکانی کەناڵەکە نایاسایی بووە، دووڕن لە ڕاستی، بەڵکو حکومەتی هەرێم ڕێکاری پێویستی یاسایی گرتۆتەبەر. بەڕێز داواکاری گشتی، نووسراوێکی ئاڕاستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کردبوو، تێیدا داوای داخستنی کاتی میدیای (ئێن ئار تی) کرد. دواتر داواکاری گشتی پەنای بۆ دادگا برد بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە، و ئێستا کەیسەکە لە دادگایە.

یاساکان ڕوون و ئاشکران. بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٢)، پشتئەستوور بە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٠، هەر دەزگایەکی میدیایی لە هاندانی گێرەشێوێنی و بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و تووندوتیژی تێوەبگلێت، ئەوا وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگرێتەبەر. سزایەکە لە داخستنی کاتی بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر دەستپێدەکات، لە کاتی دووبارەبوونەوە داخستنەکە بۆ یەک هەفتە درێژدەکرێتەوە، و لە هۆشداری سێیەمەوە، وەزارەتی ناوبراو بۆی هەیە مۆڵەت لە کەناڵی لادەر لە یاسا وەربگرێتەوە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بەشی یاسا لە ٢٠٢٠/٦/٣ کەناڵی ناوبراوی ئاگادار کردووەتەوە کە بەردەوامیدان بەم شێوازە لە ڕاگەیاندن پێویستە ڕابگیرێت و ڕەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکرێت بە پێچەوانەوە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ناچارن ڕێکاری یاسایی بەرامبەر کەناڵی ئاسمانی (ئێن ئار تی) بگرنەبەر. بۆ ئەم مەبەستە لەم دواییەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری پاڵپشتی لە سکاڵای داواکاری گشتی کردووە لە دادگادا.

(ئێن ئار تی) بە بەردەوامی بۆ ئاقارێکی زوور خراپدا ڕۆیشتووە لە هاندانی خەڵک بۆ یاخیبوون لە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ و شکاندنی قەدەغەی هاتووچۆ و گومان دروستکردن لەسەر بوونی نەخۆشی کۆرۆنا، هەروەها، کەناڵی ناوبراو دوور لە یاسا و پێچەوانەی ماددەی سێیەم بەرگەی سێیەم، بە بەردەوامی لە ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوێنسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان سەرپێچی کردووە. (ڕێنمایی مۆڵەتی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ). بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، لەم یاسایەدا گشت ئەرك و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیاریکراوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە ئازادییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەدات لە هەر ئاستێکدا بێت بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ پیشەی ڕۆژنامەنووسی ببێتە هۆکارێک بۆ بەزاندنی ئازادی کەسانی تر و هۆکارێک بۆ نانەوەی پشێوی و ئاژاوە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.



خەڵاتی نۆبڵی 2020 بۆ ئاشتیی بەخشرایە بەرنامەی خۆراکی جیهانی



بە هۆی هەوڵەکانی لەمساڵدا لە بەرەنگاربوونەوەی برسێتیی و ئەو هاوکارییەی پێشکەشی کردووە بۆ باشکردنی هەلومەرجەکانی ئاشتیی لەو ناوچانەی شەڕ و پێکدادانی کاریگەری لەسەریان هەبووە، خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ بۆ ئاشتیی بەخشرایە بەرنامەی خۆراکی جیهانی «WFP».

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن لیژنەی نۆبڵی نەرویجەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی 2020 بۆ ئاشتیی بەرنامەی خۆراکی جیهانییە، کە بە هۆی هەوڵەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی برسێتیی، ئەو هاوکارییەی پێشکەشی کردووە بۆ باشکردنی هەلومەرجەکانی ئاشتیی لەو ناوچانەی شەڕ و پێکدادانی کاریگەری لەسەریان هەبووە و وەك هێزی بەرگریی کاریکردووە لە هەوڵەکانی ڕێگریکردن لەوەی برسێتیی وەك چەکی جەنگ و پێکدادان بەکاربهێنرێت، بە شایستە دانراوە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە بەرنامەی خۆراکی جیهانی گەورەترین ڕێکخراوی هاریکاری مرۆیی جیهانە کە بەرەنگاری برسێتیی دەبێتەوە و هانی ئاسایشی خۆراك دەدات، کە لە ساڵی 2019دا هاوکاری مرۆیی بۆ نزیکەی 100 ملیۆن کەس دەستەبەرکردووە کە لە 88 وڵاتدا ببوونە قوربانیی نەبوونی ئاسایشی خۆراکی و برسێتیی. هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئەوانەی ڕووبەڕووی برسێتیی بوونەتەوە لە جیهاندا، جەخت لەسەر ئەوەیش کراوەتەوە کە بەرنامەی خۆراکی جیهانی هەوڵێکی کاریگەر و بەهێزی نیشانداوە لەبارەی چڕبوونەوەی هەوڵەکان دژ بە پەتاکە.

کۆرۆنا لە بەرزبوونەوەدایە و ژمارەی تووشبووان لە ڕووسیاش لە ملیۆن و نیوێک نزیک دەبێتەوە

لە ڕووسیا بەرزترین ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لە میانی یەك ڕۆژدا، تۆمار کرا.

دوێنێ یەکشەممە ناوەندی ڕێگریی و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا، ڕاگەیەندراوێکی لە بارەی نوێترین ئامارەکانەوە بڵاوکردەوە کە تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا پێش ڕاگەیەندراوەکە، ١٣ هەزار و ٦٣٤ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمار کراون، بەمەش ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون لەو وڵاتە گەیشتە یەك ملیۆن و ٢٩٨ هەزار و ٧١٨ کەس.

هەروەها ١٤٩ کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە و ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدان گەیشتووەتە، ٢٢ هەزار و ٥٩٧ کەس. لە سەرتاسەری ڕووسیا ڕێژەی ڕۆژانەی تووشبوون بە پەتاکە بۆ سەدا ١،١ بەرزبووەتەوە و لەسەدا ٢٦،٣ی تووشبووانی پەتاکە هیچ نیشانەیەکی تووشبوون بە کۆرۆنایان تیادا دەرنەکەوتووە. لە مۆسکۆی پایتەخت لە میانی٢٤ کاتژمێری ڕابردووی پێش ڕاگەیەنراوەکە، چوار هەزار و ٥٠١ حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکراون و ژمارەی حاڵەتەکان گەیشتووەتە، ٣٣٠ هەزار و ٤١٨ حاڵەت، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسەکە گیانیانلەدەستداوە، ٣٥ کەس زیادی کردووە و گەیشتووەتە پێنج هەزار و ٥٩٥ حاڵەت.

لە ٣١ی کانوونی دووەمی ڕابردوودا، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە ڕووسیا تۆمار کرا، هەروەها لە ١٩ی ئاداردا، یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکە تۆمار کرا. لە یەکی ئەیلوولەوە خوێندن لە ڕووسیا دەستپێکردووەتەوە و لە قوتابخانەکاندا چاودێری ڕێکارەکانی خۆپاراستن وەك بەکارهێنانی دەمامك و دووڕەپەڕێزی کۆمەڵایەتیی دەکرێت.



ئەمەریکا.. گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا بۆ زیاتر لە 219 هەزار کەس بەرزبووەتەوە

ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدان لە ئەمەریکا بە هۆی کۆرۆنا لە بەرزبوونەوەدایە و لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش کالیفۆرنیا لە ڕیزبەندیی یەکەمی ویلایەتەکاندا دێت لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون کە ٨٥٢ هەزار و ٦٦٦ حاڵەتی تیادا تۆمارکراوە و لەدوای ئەویش بە ٧٢٨ هەزار و ٩٢١ حاڵەت فلۆریدا دێن. لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیشەوە، ویلایەتی نیویۆرك بە ٣٣ هەزار و ٣٧٧ حاڵەت لە ڕیزبەندی یەکەمی سەرجەم ویلایەتەکاندایە.

ژمارەی ئەو کەسانەی دوای تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لە ئەمەریکا گیانیانلەدەستداوە گەیشتە ٢١٩ هەزار و ٣٠٠ کەس. ئەمەریکا کە ناوەندی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێیە لە جیهاندا، بەردەوام لە ڕیزبەندیی یەکەمدایە و بەرزترین ژمارەی گیانلەدەستدان بەو پەتایە لەسەر ئاستی جیهاندا تیایدا تۆمارکراوە. بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی «Worldometer» کە پشت بە ئامارە نوێکراوەکانی پەتاکە دەبەستێت لە جیهاندا، لە ئەمەریکا دوێنێ ئێوارە ژمارەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی پێش ئامارەکەی بڵاوکردەوە، بەگوێرەی ئامارەکە بە زیادبوونی ٥٠ هەزار و ٧٤٢ کەس ژمارەی ئەو کەسانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون گەیشتووەتە حەوت ملیۆن ٩٤٩ هەزار و ٣٥١ کەس. هاوکات بە زیادبوونی ٥٨٢ کەسی دیکە، ژمارەی ئەوانەی لە دوای تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیانلەدەستداوە گەیشتە ٢١٩ هەزار و ٣٠٠ کەس. هاوکات پێنج ملیۆن و ٩٠ هەزار کەس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و زیاتر لە ١١٧ هەزار ملیۆن و ٦٣١ هەزار پشکنین ئەنجامدراون.

لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش کالیفۆرنیا لە ڕیزبەندیی یەکەمی ویلایەتەکاندا دێت لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون کە ٨٥٢ هەزار و ٦٦٦ حاڵەتی تیادا تۆمارکراوە و لەدوای ئەویش بە ٨٣٢ هەزار و ٩٢٨ حاڵەت و بە ٧٢٨ هەزار و ٩٢١ حاڵەت فلۆریدا دێن. لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیشەوە، ویلایەتی نیویۆرك بە ٣٣ هەزار و ٣٧٧ حاڵەت لە ڕیزبەندی یەکەمی سەرجەم ویلایەتەکاندایە.

وەزیری ئاوەدان کردنەوە:

سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی دووسایدی دوکان - چوارقوڕنە دادەنێت



دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/١٠/١١ دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پڕۆژەی دووسایدی دوکان چوارقوڕنەی بەسەرکردەوەو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند؛ ئەم پڕۆژەیە یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژیەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو ڕێگایەکی گرنگی هەرێمی کوردستانە، ئیمە دەستەی سەرپەرشتیار و بەڵێندەر ئاگادار دەکەینەوە کە لە نزیکترین کاتدا دەستبکەنەوە بەکارکردن و لە نزیکترین کاتیشدا شایستە دارایی‌یەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دابین دەکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، پڕۆژەی دووسایدی کەلار سلێمانی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و بەرێز سەرۆکی حکومەتی وەرگرتووە ڕەنگە لەم هەفتەیە بەڵێندەر سلفەی خۆی وەربگرێت، ئەو پڕۆژانەی دیکەش کە بەگەڕخراونەتەوە، ڕەمەزاندیی‌یەکانیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەو لەئایندەیەکی نزیکدا شایستە دارایی‌یەکانی خۆیان وەردەگرن. واتە هەوڵدەدەین تا کۆتایی ئەمساڵ ئەو پڕۆژانەی بەگەڕیان دەخەینەوە شایستە دارایی‌یەکانیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین بکرێت.

هەروەک جەختی کردەوە، هەموو توانای خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە دواکەوتووە، لە ماوەی تەمەنی ئەم کابینەیە تەواوی بکەین.

سەبارەت بە تونێلی هەیبەسوڵتان، وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئاماژەی بەوەکرد، تونێلی هەیبەسوڵتان لە چوارچێوەی کارە گرنگەکانی وەزارەتەو بەشێکە لە پڕۆژەی دووسایدی ڕێگای نێوان هەولێر کۆیەو لەهەوڵدایین بۆ ئەوەی لە ئایندەدا دەستبەکارکردن بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە یەکەکانی نیشتەجێبون لە قەڵادزێ تەواو بوون و یەکەی ئیداری ناوچەکەو قائیمقامیەت لە دابەشکردنی یەکەکاندان بەسەر ئەو خەڵکانەی شایستەن. ئەوانەی دیکەش کە خزمەتگوزارییەکانی تەواوکران، دابەشدەکرێن. جگە لەمانە لەماوەی ئایندەیەکی نزیکدا پردێکی نوێ بۆ دەربەندی رانیە دروست دەکرێت و پردە کۆنەکەش نۆژەندەکرێتەوە و بەبڕیاری سەرۆکی حکومەت لەچەند ڕۆژی داهاتوو بەردی بناغەی ئەو پڕۆژە گرنگە دادەنرێت.

دهۆک..حکومەتا فرەنسا ب گوژمێ (15) ملیون یورویا دێ پشتەڤانیا پرۆژێن پەرەپێدانێ ل پارێزگەها دهۆکێ کەت



دوهی سپێدێ ١١-١٠-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ هەڤدیتنەك دگەل ئولیڤی دیکیوتینی کونسلێ گشتی یێ وەلاتێ فرەنسا ل کوردستانێ کر. دهەڤدتنێدا کونلسێ فرەنسا دیارکر کو وەلاتێ وی وەکو دەستپێشخەری و هاریکاری بو پارێزگەها دهۆکێ (١٥) ملیون یورو بو پەرپێدانا پرۆژێن خزمەتکاری یێن جودا جودا تەرخانکرینە و (٥٠٠) هزار کەس ل سنورێ پارێزگەهێ و (٦٠) هزار قوتابی ل سەکتەرێن جودا جودا دێ مفای ژڤێ هاریکاریێ وەرگرن.

هەروەسا گوت: ئەڤ هاریکاریە ژلایێ حکومەتا فرەنسا هاتیە دیارکرن دچارچوڤێ سەردانا وەزیرێ دەرڤە یێ فرەنسا دەما ل تیرمەها بوری سەردانا هەرێما کوردستانێ کری و ژلایێ سازیێن ئەلمانی دماوێ (٣) ساڵاندا دێ هێتە جێبەجێکرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ سوپاسی و پەسنا هەلویستێن حکومەت و مللەتێ فرەنسا کر بو ڤێ دەستپێشخەریێ کو چ جارا ناهێنە ژبیرکرن و هیڤی خاستن کو پرۆژە سەربگریت و لدەمەکێ نێزیك بکەڤیتە دواریّ بجهئینانێ دا .

هەڤژی گوتنێ یە ئەڤ هاریکاریە (منحە) ب رێکا ئاژانسا پەرەپێدانا فرەنسی دێ هێتە خەرجکرن وب رێکا ئاژانسێن ئەلمانی دێ هێتە جێبەجێکرن وچەندین پرۆژە یێن خزمەتگوزاری دبیاڤێن جودا جودا ل سنورێ پارێزگەهێ دێ هێنە ئەنجامدان.

جەهوەر عەلی بەگ: ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەربازبوونی ئێزدییەکان لە نەهەماتی



وەکیلی میری ئێزدییان بۆ کاروباری پەیوەندییەکان دەڵێت، پشتیوانیی ئەو ڕێککەوتنە دەکەین لە نێوان هەولێر و بەغدادا کراوە، هیواداریین ئەو ڕێککەوتنە بتوانێت هەندێک لە نەهامەتیی ئێزدییان کەم بکاتەوە.

جەهوەر عەلی بەگ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: «ئێزدییەکان پێویستیان بە هاوکارییە و پێویستە بگەڕینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چونکە ناکرێ شوێنکەوتووانی ئایینێک سێ چارەکیان لەژێر خێوەتگەدا بن، دەبێت ئارامی بۆ ناوچەکانیان بگەڕیتەوە.»


گوتیشی: «پشتیوانیی هەر هەنگاوێک دەکەین بۆ ئیدارەیەکی نوێی شنگال کە بە ڕەزامەندیی ئێزدییان بێت. ئێزدییەکان خۆیان بەڕێوە ببەن بە پشتیوانیی هەولێر و بەغدا. ئەمەش دەبێتە کلیلی چارەسەری ئێش و ئازارەکانی ئێزدییەکان.»

ئاماژەیشی دا: «دەبێ هەموو هێزێکی نایاسایی لە شنگال دەربکرێت، دروستکردنی هێزێک لەلایەن ئێزدییەکانەوە دەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ پاراستنی شنگالییەکان.»



شەبەحە بێزارکەرەکەی هەولێر دەستی بەسەرداگیرا

فازڵ حاجی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە لە دوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆری کەرتی عینکاوەی هاتوچۆی هەولێر، شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی ١٠٨عینکاوە فۆرد مۆستانگی ڕەش کە ئاسراوە بە شەبەح دەستی بەسەر دا گیرا. ڕاشیگەیاندووە کە ئۆتۆمبێلەکە بە دەست گەنجێکەوە بوو، کە بووبووە مایەی بێزارکردنی خەڵک بە دەنگە بەرزەکەی و کارە نایاساییەکانی و لەکاتی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ٧ جۆر سەرپێچی بەیەکەوە کردووە. گوتەبێژی هاتوچۆی هەولێر دەشڵێت سەرپێچییەکانی شوفێرەکە بێ مۆڵەتی بووە و دەستکاری تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەی کردووە و شاردویەتییەوە، هەروەها بەردەوام لە کامێراکانی چاودێری داوە، لەگەڵ ئەنجامدانی کۆمەڵێک سەرپێچی دیکە.



پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی عەزیز هەریری،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نوسەر و ڕۆژنامەنووس(عەزیز هەریری) مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لەخانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو عەزیز هەریری بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، ئارامی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی حاجی سابیر ڕەسوڵ وەسمان،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(حاجی سابیر ڕەسوڵ وەسمان)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و کەسوکارتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دڵۆفان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو حاجی سابیر ڕەسوڵ وەسمان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش ببەخشێت بە ئێوە و کەسوکارتان.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی حاجی قادری فەقێ برایمی چوارقورنە،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری چوارقورنە(حاجی قادری فەقێ برایمی چوارقورنە)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش ببەخشێت بە ئێوە و کەسوکارتان.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی حوسێن عەزیز سورچی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری هەریر(حوسێن عەزیز سورچی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و کوردپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو حوسێن عەزیز سورچی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش ببەخشێت بە ئێوە و کەسوکارتان.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

****

.....

بەڕێزان خانەوادەی محەمەد ئەحمەد سابیر

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی گوڵان و کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی، خوالێخۆشبوو (محەمەد ئەحمەد سابیر)مان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکاری بنەماڵەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

--

بەڕێز کاک ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیانی نیشتیمانی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خوالێخۆشبوو(سەلما عەلی حەسەن). بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خانەوادە و کەسوکار و بنەماڵەکەتان دەکەین و، خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووریتان پێ ببەخشێ و، ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبوویش بەهەشتی بەرین بێت...

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

.....

بۆ کۆچی دوایی ئەدیب و شاعیری ناسراو (ع.ع.شەونم)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئەدیب و شاعیری ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا(عەلی عەبدوڵڵا)ناسراو بە(ع.ع.شەونم)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و بنەماڵە بەڕێزەکەیان و سەرجەم ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەین.

مامۆستا(ع.ع.شەونم) کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و ئەدیبێکی دیار و شارەزا بوو، هەروەها شاعیر و ئاوازدانەر و زمانزان و میژوونووسێکی نیشتیمانپەروەر بوو و، خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریە لە بواری شیعر و ڕێزمان و پەندی پێشینان و، کاریگەری و جێدەستی لە بواری ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی دا دیار و بەرچاوە، ئومێدەوارین هاوسۆزیی و هاوخەمیی نووسەران و ڕۆشنبیران بیێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری بنەماڵە بەڕێزەکەی و هەموو لایەك.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەك ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی

پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ خانەوادەی هاوکارمان خوالێخۆشبوو عەزیز هەریری

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ و هاوکاری دێرینمان (عەزیز هەریری)مان پێگەیشت.

خوالێخۆشبوو یەکێک لە ڕۆژنامەوانە دێرینەکانی ڕۆژنامەکەمان بووەو جێپەنجەی بەسەر لاپەڕەکانی (برایەتی و خەبات)ـەوە ماوە، لەدەستدانی ئەو هاوکارەمان نیگەران و ماتەمباری کردین، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان، پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەو هەموو هەڤاڵ و هاوکارانی مامۆستا عەزیز هەریری دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە هەمووان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

خەبات

هەولێر..

ئەو ئافرەتەی کە پیاوێکی کوشت بووە و تەرمەکەی لەگۆڕستان فرێیدابوو دەستگیرکرا



پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیێنێت ، بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی کوشتن، پاش ئاگادارکردنەوەیان لە تاوانێکی کوشتن لە گەڕەکی (مستەوفی) کە تەرمی هاوڵاتییەك بە ناوی (س) لە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد) فرێدرابوو، دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد کرد و توانییان ئافرەتێك بە ناوی (هـ.ا.ح) بە تۆمەتی کوشتنی هاوڵاتییەکە دەستگیر بکەن. ڕاشیدەگەیەنن تۆمەتباری ئامادەپێکراو، دانی نا بە تاوانەکەیدا، بۆیە پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕێکخرا و بەپێی ماددە (٤٠٦) لە یاسای سزادان، ڕاگیرا و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

چەمچەماڵ..

کەسێک بە تۆمەتی کوشتنی دوو کچەکەی چەمچەماڵ دەستگیرکرا

هێزەکانی پۆلیس کەسێکیان لە چەمچەماڵ دەستگیر کرد، کە دەستی هەبووە لە کوشتنی دوو کچەکەی چەمچەماڵ.

پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئاشکرای کرد، مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی چەمچەماڵ تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە لەسەر دۆسیەی کوشتنی دوو کچەکەی شارۆچکەی چەمچەماڵ داواکراو بوون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەدراوە «ئەو کەسە دەستی هەبووە لە کوشتنی دوو کچ لە شارۆچکەی چەمچەماڵ».

ئەوەش خراوەتە ڕوو، تۆمەتبار کە مامی کوژراوەکانە بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوەو لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامە. لە ٢٠٢٠/٩/٩ تەرمی دوو کچ لە گۆڕستانێکی کۆنی نزیك گوندی برایم ئاغا لە ناوچەی شوان دۆزراوەتەوە، بەگوێرەی ئەو کات هێزە ئەمنییەکان ڕایانگەیاند «لە لایەن باوکیان کوژراون». لە سەرەتای ڕووداوەکەش بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ ئاشکرای کردبوو، کە ئەم دوو خوشکە تەمەنیان ١٧ و ٢٠ ساڵە پێشتر دۆسیەیان لە تۆندوتیژی چەمچەماڵ هەبووە.



هەڵمەتی چارەسەرکردنی بارزۆریی سەر تۆڕەکانی کارەبا لە سنووری پارێزگای هەولێر رادەگەیەندرێت

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر:

بە تەواوبوونی ئەم پرۆژانە بەشێکی زۆر لە گرفتی تەکنیکی و بارزۆریی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا نامێنێت، کە هۆکارن بۆ خراپیی دۆخی کارەبای هاوواڵتیان



خەبات: هاوار مورتکەیی

کارەبا یەکێک لەو کێشانەیە کە چەندین ساڵە وەك سێکتەرێکی پڕکێشە باسی لێوەدەکرێت و هەمیشە جێی گلەیی هاووڵاتیان بووە، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای ڕەزامەندی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و سەرباری ئەو قەیرانە داراییە بوودجەیەکی تەرخانکرد بۆ تەواوکردنی پرۆژە ڕاگیراوەکان و پرۆژە نوێیەکان ئەویش بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، هاوکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر هەڵمەتی چارەسەرکردنی بارزۆریی سەر تۆڕەکانی کارەبا لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕادەگەیەنێت. سەبارەت بە سوودەکانی ئەو پرۆژانەو وردەکارییەکانی، ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات پلان و پرۆژە و بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بە داتا و ژمارە دەخاتەڕوو:

دابینکردنی گۆڕەی پێویست

لەبارەی دابینکردنی گۆڕەی پێویست ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: دوای ئەوەی لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا پرۆژەی دامەزراندنی وێستگەکانی گۆڕینی ڤۆڵتییەی ئازادی نوێ و مۆنۆمێنتی شەهیدان و ڕووناکی و شێروان مەزن و بەستەوەیان بە هێلەکانی 132 کەی قی و 33 کەی قی، بە گۆڕەی (46.145.729.000) دینار ئەنجامدرا، کە پێشتر بە هۆی قەیرانی دارایییەوە پرۆژەکان ڕاگیرابوون، لە ئێستادا بەشێکی زۆری پرۆژەکان کە بەهەمانشێوە کارکردن تیایاندا ڕاگیرابوو و چەندین پرۆژەی دیکە پێویستن بۆ سوود وەرگرتن لەم پرۆژانەی بەگەڕخراونەتەوە.

گوتیشی: دوای دابینکردنی گۆڕەی پێویست بۆ تەواوکردنی پرۆژە ڕاگیراوەکان و پرۆژە نوێیەکان، لەڵایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لیستی پرۆژەکان کە لەخوارەوەدا هاتوون و کۆی تێچوویان بریتییە لە (127ملیار و 399 ملیۆن و 230 هەزار) دینار، زۆربەیان لە واری جێبەجێکردندان و بەشێکیان لە پرۆسەی تەندرینگدان و بەشێکیان لە زستانی ئەمساڵدا تەواو دەبێت و سوودیان لێ وەردەگیرێت و بەشەکەی دیکەیان لە هاوینی داهاتوو تەواو دەبێت، بەئەنجامدانی ئەم پرۆژانە بەشێکی زۆر لە گرفتی بارزۆری و تەکنیکی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا نامێنێت، کە هۆکارن بۆ خراپیی دۆخی کارەبای هاوبەشانی کارەبا و پچڕپچڕی و کەمیی ڤۆڵتییەو زۆر تێکچوون، هەروەها وەرنەگرتنی بەشەکارەبا بەپێی پێویست و دادپەروەرانە.

سەروەران و هەڤاڵان

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر دەڵێت: دەرهێنانی فیدەری 33 کەی قی دەبل سرکێت بە کێبڵی ژێرزەوی لە وێستگەی هەولێری نوێ بۆ وێستگەی هانا سیتی بە گۆڕەی ملیارێك و 390 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، مەبەستیش لێی چارەسەرکردنی بارزۆریی هێڵی 33 کەی قی کە لە ئێستادا هەیە لە نێوان وێستگەی هەولێری نوێ و وێستگەی هانا سیتی و بەهۆی ئەم بارزۆرییەوە هاوبەشانی کارەبای گەڕەکەکانی دەوروبەری شووقەکانی هانا سیتی وەکو سەروەران، هەڤاڵان.

ئەو دەشڵێت: دەرهێنانی دوو فیدەری 33 کەی قی بە کێبڵی ژێرزەوی لە وێستگەی شارەوانی نوێ بۆ وێستگەی ڕووناکی کە بە گۆڕەی 3 ملیار و 23 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە، سوودی ئەم پرۆژەیە بەکارخستنی وێستگەی 33کەی قی ڕووناکی بەتەواوی توانایەوەو چارەسەری بارزۆریی فیدەرەکانی 11 کەی قی کە کارەبا دەداتە گەڕەکەکانی دەوروبەری شووقەکانی ئیسکان لەناو شاری هەولێر و هەروەها چارەسەری بارزۆریی سەر وێستگەکانی ئازادی کۆن و باداوا و مۆبایلی هاوکاری و کارێزان.

سنووری بنەسڵاوە و کەسنەزان

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: دەرهێنانی 8 فیدەری 11 کەی قی لە وێستگەی مۆنۆمینتی شەهیدان بۆ سنووری بنەسڵاوە و کەسنەزان بە گۆڕەی ملیارێك و 250 ملیۆن دینار، بەمەبەستی چارەسەرکردنی بەشێك لە بارزۆریی سەر وێستگەکانی ڕۆژهەڵات و مۆبایلی قەڵات و بەشێك لە فیدەرەکانی 11 کەی قی کە کارەبا دەدەن بە هاوبەشانی کارەبا لە بەشێك لە گەڕەکەکانی سنووری بنەسڵاوە و کەسنەزان کە بەهۆی بارزۆرییەکانەوە کاتژمێرەکانی هەبوونی کارەبایان کەمترە .

سنووری شەمامک و گوێڕ

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر لەبارەی خراپیی ڤۆڵتییەی کارەبا لە دەڤەری شەمامك گوتی: دابینکردن و دامەزراندنی وێستگەی مۆبایلی پێرداود 11/132 کەی قی . 25 ئێم قی ئەی دەرهێنانی 5 فیدەر لەوێستگەکەوە بەگۆڕەی 2 ملیار و 88 ملیۆن دینار، کە چارەسەری بارزۆریی هەردوو وێستگەی شەمامك و تەرجان دەکات، لەگەڵ چارەسەری بارزۆریی فیدەرەکانی هەردوو وێستگەکە کە کارەبا دەدەن بە ناحیەی شەمامك و گوندەکانی و هەروەها چارەسەری بارزۆریی بەشێك لە وێستگەی مۆبایلی تەرجان و دوو فیدەری وێستگەکە کە کارەبا دەدەن بە گوندەکانی ناحیەی گوێڕ کە بەهۆی ئەم بارزۆرییانە دۆخی کارەبای هاوبەشانی دەڤەرەکە خراپ و ڤۆڵتییە نزم و ناتوانێت کارەبا بدرێت بەداواکارانی نوێی کارەبا.

دەشڵێت: دەرهێنانی 4 فیدەری 11 کەی قی لە وێستگەی ئازادی نوێ بۆ گەڕەکی ئازادی و گەڕەکەکانی دەوروبەری، بە گۆڕەی 588 ملیۆن و 400 هەزار دینار کە چارەسەری بارزۆریی بەشێك لە فیدەرەکانی 11 کەی قی کە کارەبا دەدەن بە هاوبەشانی کارەبا لەگەڕەکی ئازادی و گەڕەکەکانی دەوروبەری کە بەهۆی بارزۆرییەوە دۆخی کارەبایان خراپە.

کۆڕێ و گوندەکانی

هەروەها ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر گوتی: گواستنەوەی 5 فیدەری 11 کەی قی لەسەر وێستگەی مۆبایلی ئازادی بۆ سەر وێستگەی ئازادی نوێ بە گۆڕەی 254 ملیۆن دینار کە بریتییە لە لابردنی باری کارەبا لەسەر وێستگەی مۆبایلی ئازادی بەمەبەستی گواستنەوەی بۆ ناحیەی سەلاحەدین بۆ کەمکردنەوەی بارزۆری سەر وێستگەی سەلاحەدین و بەشێك لە فیدەرەکانی کە کارەبا دەدەن بە کۆڕێ و بەشێك لە گەڕەکەکانی سەلاحەدین. دەرهێنانی 3 فیدەری 11 کەی قی لەوێستگەی گردجوتیار و ڕاکێشانی 8 کیلۆمەتر هێڵی 11 کەی قی بۆ چارەسەری بارزۆریی فیدەر 4ی خانزاد بە گۆڕەی 578.8 ملیۆن دینار بەمەبەستی:

دارەشەکران و زرارەتی

لەبارەی سوودەکانی وێستگەی مۆبایلی دارەشەکران بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر دەڵێت: دابینکردن و دامەزراندنی وێستگەی مۆبایلی دارەشەکران132- کەی قی ،25 ئێم قی و دەرهێنانی 5 فیدەر لە وێستگەکەوە، گۆڕەی پرۆژەکە دوو ملیار و هەشتاو شەش ملیۆن دینارە، سوودەکانی ئەم پرۆژەیە بریتییە لە کەمکردنەوەی بارزۆریی وێستگەکانی خانزاد و جەژنیکان و فیدەرەکانی کە کارەبا دەدەن بە ناحیەی دارەشەکران و گوندەکانی و دەڤەری زرارەتی کە بەهۆی ئەم بارزۆرییانەوە کارەبای هاوبەشانی کارەبای دەڤەرەکە لە دۆخێکی زۆر خراپ بوون.

شووقەکانی ئیسکان

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر دەڵێت: دەرهێنانی 5 فیدەری 11 کەی قی لە وێستگەی ڕووناکی 11/33 کەی قی بە گۆڕەی 367.500.000 دینارە، کە سوودەکانی چارەسەری بارزۆریی بەشێك لە فیدەرەکانی 11 کەی قی کە کارەبا دەدەن بە بەشێك لە گەڕەکەکانی دەوروبەری شووقەکانی ئیسکان لەناو شاری هەولێر. دامەزراندنی گۆڕینی ڤۆڵتییەی 11/33/132 کەی قی 3*63 ئێم قی 1 ی (باداوە، نووسەران، نیشتمان، شاوێس) بە گۆڕەی 72 ملیار دینار، کە چارەسەری بارزۆریی سەر زۆربەی وێستگەکانی گۆڕینی ڤۆڵتییە و فیدەرەکانی 11کەی قی لەناو شاری هەولێر دەکات (دوای دەرهێنانی فیدەرەکانی 33 کەی قی و 11 کەی قی لە 4 وێستگەکەوە).

دامەزراندنی وێستگەی 132 کەی قی

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: دامەزراندنی وێستگەی 132 کەی قی، 3 *63 ئێم قی 1ی بەحرکە بە گۆڕەی 14 ملیارو 114 ملیۆن دینار کە چارەسەری بارزۆریی سەرجەم وێستگەکانی گۆڕینی ڤۆڵتییەو قیدەرەکانی 11 کەی قی لە ناحیەی بەحرکە و سەرجەم گوندەکانی سنووری ناحیەکە دەکات دوای دەرهێنانی فیدەرەکانی 33 و 11 کەی قی لە وێستگەکەوە.

شەقڵاوە و خەلیفان

هەروەها باسی لەوەشکرد: گۆڕینی تەلی هێڵی 132 کەی قی شەقڵاوە و خەلیفان و ڕاکێشانی هێڵی 132 کەی قی خەلیفان- سۆران بە گۆڕەی هەشت ملیار و 500 ملیۆن دینار، سوودەکانی ئەم پرۆژەیەش زیادکردنی توانای گواستنەوەی کارەبا و کەمکردنەوەی کێشەی کەمیی ڤۆڵتییە لە قەزاکانی سۆران، چۆمان، میرگەسۆر، ڕواندوز و ناحیەو گوندەکانیان و ناحیەکانی هەریر و باسرمە و بالیسان و گوندەکانیان.

گواستنەوەی وێستگەی مۆبایلی ئازادی

سەبارەت بەگواستنەوەی وێستگەی مۆبایلی ئازادی ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: گواستنەوەی وێستگەی مۆبایلی ئازادی بۆ ناحیەی سەلاحەدین و دەرهێنانی 5 فیدەری 11 کەی قی لە وێستگەکە بە گۆڕەی 120 ملیۆن دینار لەپێناو کەمکردنەوەی بەشیك لە بارزۆریی سەر وێستگەی سەلاحەدین و بەشێك لە فیدەرەکانی 11 کەی قی کە کارەبا دەدەن بەبەشێك گەڕەکەکانی ناو ناحیەی سەلاحەدین

گواستنەوەی وێستگەی مۆبایلی هاوکار

هاوکات بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر دەڵێت: گواستنەوەی وێستگەی مۆبایلی تورەق بۆ بەردحوشتر و دەرهێنانی 4 فیدەر لە وێستگەکە و ڕاکێشانی فیدەریك لە وێستگەی پارك بۆ چارەسەری بارزۆریی فیدەر 8ی سەربەستی بەگۆڕەی 397 ملیۆن دینار، سوودەکانی ئەم پرۆژەیەش کەمکردنەوەی بارزۆریی سەر وێستگەکانی جەژنیکان و مۆبایلی گردەچاڵ و چارەسەری بارزۆریی بەشێك لە فیدەرەکانی 11 کەی قی کە کارەبا دەدەنە بەشێك لە بەحرکە و گوندەکانی سنووری بەحرکە.

چارەسەری فیدەری 8ی سەربەستی

لەبارەی چارەسەرکردنی فیدەری 8ی سەربەستی ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر گوتی: دەرهێنانی فیدەرێك لە وێستگەی مۆبایلی باسرمە بە گۆڕەی 186 ملیۆن دینار ئەویش بەمەبەستی چارەسەری بارزۆریی فیدەری 4ی باسرمە و 4ی خەلیفان، کە کارەبا دەدەن بە بەشێك لە گوندو ناحیەکانی باسرمە و هەریر، کە کارەبای هاوبەشانی دەڤەرەکە لە دۆخیکی خراپدایە بەهۆی ئەم بارزۆرییەوە.

دەشڵێت: دەرهێنانی فیدەریکی 11 کەی قی لە وێستگەی مۆبایلی هیوا بۆ چارەسەری بارزۆریی فیدەری تایبەت بە گەڕەکی سێبەردان لەناو شاری هەولێر، گومەی پرۆژەکەش بریتییە لە 96.710.000 دینارە.

گوندەکانی دەوروبەری ناحیەی دارەتوو

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر دەڵێت: دەرهێنانی فیدەرێك لە وێستگەی بیستانە بۆ چارەسەری بارزۆریی فیدەرەکانی 11ی گردەلا و 6ی باغەمرە 4ی بیستانە و ئەم پرۆژەیەش بە گۆڕەی 98.590.650 دینارە و مەبەستیش لێی چارەسەری بارزۆریی فیدەرەکانی ئاماژەپێکراو کە کارەبا دەدەن بە گوندەکانی ناحیەی دارەتوو و دەوروبەری. درێژکردنەوەیە فیدەری 22ی باکوور بۆ چارەسەری بارزۆری فیدەرەکانی (24، 25، 26)ی باکوور و فیدەرەکانی 2 و 3 ی مۆبایلی هیوا و فیدەری 9ی هەولێری نوێ، کە گۆڕکەی پرۆژەکەش بریتییە لە سەد و دوو ملیۆن دینار.

هێڵی ئیفراز

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: ڕاکێشانی هێڵی33 کەی قی خەبات- ئیفراز بەدرێژی 25 کیلۆمەتر بەگۆڕەی 138.288.000 دینار ئەویش بەمەبەستی کەمکردنەوەی بارزۆریی لەسەر وێستگەی پارك و کەمکردنەوەی دووری وێستگەکارەبای تایبەت بە پرۆژەی ئاوی ئیفراز لەسەرچاوەی کارەبا کە ئەگەری تێکچوونی هێلەکە کەمدەکاتەوە و کارەبایەکی جێگیر و بەردەوام دەدرێت بە پرۆژەی ئاوی ئیفراز کە سەرچاوەی ئاوی هەولێرە.

ڕاکێشانی هێڵ

ڕاکێشانی هێڵی کارەبا تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەی بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بوو، ئەو گوتی: ڕاکێشانی هێڵی 132 کەی قی لە وێستگەی سەنتەری هەولێر- وێستگەی ڕۆژئاوا بەدرێژی 18 کیلۆ مەتر و هێڵی 132 کەی قی نێوان وێستگەی گردەلا- وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای غازی هەولێر بەدرێژایی 17 کیلۆمەتر و تێچووی ئەم پرۆژەیەش بریتییە لە 9.821.147.000 دینار، ئەویش بەمەبەستی بەهێزکردنی هێلەکانی بەستنەوەی نێوان وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و وێستگەکانی گۆڕینی ڤۆڵتییە بۆ جێگیری زیاتری سیستمی کارەبا و کەمکردنەوەی گرفتەکانی پچڕانی کارەبا.

گوتیشی: چاکردنەوەی محەویلەی 10 ئیم قی 1ی تایبەت بە وێستگەی ئاشتی، کە گۆڕەکەی بریتییە لە 117 سەدو حەڤدە ملیۆن دینار، بۆ چارەسەری بارزۆریی وێستگەی ئاشتی 11/33 کەی قی لە کۆیە. چاکردنەوەی 3 محەویلەی 63 ئیم قی تایبەت بەوێستگەکانی (ئازادی کۆن، باشوور، هەولێری نوێ)و دوو محەویلەی 25 ئیم قی 1ی تایبەت بە وێستگە مۆبایلەکانی (تورەق، عەنکاوە) و محەویلەی 16 ئیم قی 1ی وێستگەی نەسیج لەناو شاری هەولێر، کە گۆڕەکەی بریتییە لە یەك ملیار و دووسەد ملیۆن دینار، ئەویش بۆ چارەسەری بارزۆریی وێستگەکانی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە.

گەڕەکی ژین لەدارەتوو

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر لە دواییین بەشی قسەکانیدا دەڵێت: گەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکی ژین چوار هەزاری و پێنج هەزاری لە دارەتوو بە گۆڕەی 127 ملیۆن دینار، سوودی پرۆژەکە گەیاندنی کارەبا بۆ دانیشتووانی بەشێك لە گەڕەکی ژین لە دارەتوو، چارەسەری بارزۆریی محەویلەکانی نزیك لە جێگای ئاماژەپێدراو، لەگەڵ گەیاندنی کارەبا بۆ بەشێك لە گەڕەکی 108ی عەنکاوە و فراوانکردنی تۆڕی کارەبا لەکەرتی 108ی عەنکاوە و دانانی تۆڕی کارەبا بۆ بەشێك لە گەڕەکی گوڵان لە بنەسڵاوە و بەشێك لە گوندی بنەسڵاوەی بچووك و ژمارەیەك ماڵ لە گوندی کانی گەنی کە گۆڕمەکەی بریتییە لە 240.202.000 دینار .

گوتیشی: چارەسەری بارزۆریی 25 محەویلە کراوە (هەر گەڕەکەو محەویلەیەك بۆ هەریەك لە گەڕەکەکانی کۆیستان، قۆڕیتان، گوندی مەلا عومەر لە قەزای خەبات، گوندی گەزنە، نووسەران، مناڕە، کەناسان، تەیراوە، گردمحەمەد، ژیان، کەورگۆسك، شەهیدان، شارەوانی لە کۆڕێ) و 8 محەویلە لە پیرزین و 3 محەویلە لە قەزای خەبات کە گۆڕمەکانیان بریتییە لە 338.375.000 دینار.







ئایا قوتابخانە هاوبەشەكانی سابیس بەردەوام دەبن؟

بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان بۆ خەبات:

بڕیارمان نەداوە ئەمساڵ منداڵ لە باخچەکانی سابیس وەرنەگرین چاوەڕێی بارودۆخەکە دەکەین



خەبات / ڕۆشنا عەلی

دەنگۆی نەمانی گرێبەستی قوتابخانە هاوبەشەكانی سابیس لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو دەستپێنەكردنەوەی خوێندن دوای مانگێك لە قوتابخانەكان ، وەرنەگرتنی منداڵانی باخچەكان هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، پێنەدانی شایستە داراییەكانی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوبراو كێشەكانی قوتابیانی پۆلی ١٢ ی هەمان قوتابخانە پرسیارگەلی ڕۆژانەی ئەم ماوەیەی ناو خەڵكن ، لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن بۆ وەڵامدانەوەیان دیمانەیەكی تایبەتی لەگەڵا شیلان خلیل جنید بەڕێوەبەری گشتی فێركردنی بنەڕەتی وباخچەكانی ساوایان ئەنجامدا :

***پرسیاری سەرەكی ئەوەیە ئایا قوتابخانەكانی سابیس بە نێودەوڵەتی دەمێننەوە؟ بەڵێ ١٠٠٪ بە نێو دەوڵەتی دەمێننەوەو بەردەوام دەبن بە شێوازی ڕابردوو بە هەمان سیستەمی ژمارەی قوتابیان و ئاستی خوێندن و پڕۆگرامی خۆیان و ئێمە بەرپرسیارین لە ئاستیان و كوالێتی خوێندنیان و دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆیان.**

*بۆچی تا ئێستا نەكراوەتەوە لە كاتێكدا سابیسی شوەیفاتی ناحكومی هەمان سیستەمەو كراوەتەوە بە ئۆنلاین دەخوێنن؟ ئەوە هەڵەیەكی گەورەیە هەموو جار ئەو دوو قوتابخانەیە وەك یەك تەماشا دەكەن، بەڵام وانییە شوەیفات قوتابخانەیەكی ناحكومی نێودەوڵەتییە مۆڵەتی تایبەتی خۆی هەیە و سیستەمی خۆی هەیە سابیس كۆمپانیایەكی سەربەخۆیەو جیاوازە لە شوەیفات ڕاستە هەردوكیان هەمان سیستەمن ، بەڵام مامۆستاو ئیدارەیان جیاوازە تەنها سیستەمیان یەكە لە ڕووی مادی ئەوان توانایان باشترەو ئێمە بەپێی ئەو بودجەی تەرخانكراوە بۆ ئەو قوتابخانەیە ئیش دەكەین ، هۆكاری ئەوەی تا ئێستا دەوام نەكراوە لەبەر كۆرۆنایە.

***دەربارەی وەرگرتنی منداڵان لە باخچەكانی منداڵان كە خەڵكێكی زۆر چاوەڕێیە تا ئێستا دیار نییە ئایا بڕیارێك هەیە كە ئەمساڵ منداڵان لە باخچەكانی سابیس وەرنەگیرێت ؟**

باخچەكانی منداڵان بە گشتی لە وەزارەتی پەروەردە هەتا ئێستا بڕیارمان نەداوە كە بكرێتەوە، چونكە ئێمە چاوەڕێ دەكەین بارودۆخی كۆرۆنا باشتر بێت ئەو كات ئەنجومەنی وەزارەت كۆدەبێتەوەو بڕیاری لەسەر دەدات، ئێستا ئێمە لە دەسپێكی دەوامین و تەماشای بارودۆخی پۆلی ١٢و یەك و دوو دەكەین كە هەفتەی داهاتوو دەچنە دەوام كە تاچەند دەگونجێت قوتابخانەكان بە گشتی و باخچەكان بكەینەوە ، باخچەكانیش ژمارەیان كەمە و زەختێكی زۆریش لەسەریان هەیە ، هەر كاتێ ئێمە بزانین دۆخەكە بەرەو باشتر چوو جا چ ئەم مانگە یان مانگی داهاتوو یان وەرزی داهاتوو ئەو كاتە بڕیار دەدەین ،بەڵام بڕیارمان نەداوە ئەمساڵ منداڵی باخچە وەرنەگیرێت، بە تایبەتی منداڵیێ چوار ساڵی كە بۆیەكەم جار لە ناو باوەشی خێزانەوە دێتە ناو كۆمەڵگا بۆیە زۆر بابەتی تەندروستی هەیە كە منداڵ بەو تەمەنە نایزانێت و ڕاستە كۆرۆنا كاریگەری زۆر لێناكات، بەڵام دیسان دەترسین هۆكارێك بن بۆ گواستنەوە بۆ ناو خێزانەكانی خۆیان ، خاڵێكی تر ئەوەیە كە قۆناغی باخچەی منداڵان قۆناغێكی ئیلزامی نییە واتە هەر كاتێك بێت ئێمە دەتوانین قەرەبووی ئەو منداڵانە بكەینەوە.

***دەربارەی ئەو دەنگۆیانەی كە دەڵێن گوایە سابیس هیچ گرێبەستێكی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە نەماوە تاچەند ڕاستە؟**

بۆ ئەمساڵ ماوە گرێبەستەكەیان واتە ٢٠٢٠-٢٠٢١ و بۆ سێ ساڵی داهاتووش نوێمانكردۆتەوە واتە تا ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە هەركاتێك ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر بدات بۆ سێ ساڵی تر نوێدەبێتەوە.

***دەربارەی كێشەی سەرەكی مامۆستاكانی سابیس كە گلەییان زۆرە و ماوەی ساڵێكە شایستەكانی خۆیان وەرنەگرتووە بۆچی ئەم شایستانەیان دوادەكەوێت و پێیان نادرێت ؟**

ئێمە لە هەوڵێكی بەردەوامین بۆ چارەسەركردنی ، ئەو كێشەیەش پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە هەیە لە هەرێمی كوردستان ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر لە هەوڵی بەردەوامین بۆ دابینكردنی ئەو پارەیە كە بڕێك پارەی زیادە مامۆستایان لە بەرامبەر درێژی دەوامی قوتابخانەكە وەریدەگرن، جگە لە مووچەكانیان دوێنێ خۆم لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی بووم هەوڵێكی جدی دەدەین بە زووترین كات كێشەی شایستە داراییەكانی مامۆستاكان چارەسەر بكەین .

***ئەوان دەڵێن لە پار ساڵەوە بەڵێنمان پێدەدەن و جێبەجێناكرێت ؟**

هەر لە ساڵی پارەوە قەیرانی دارایی هەبوو كێشەكەش هەبوو، بەڵام هەندێك لە قوتابخانەكان بارودۆخیان باشتر بوو، بەڵام ئێستا بەڵێنمان وەرگرتووە و بەم نزیكانە كێشەكەیان چارەسەر دەكەین، خاڵێكی تریش ئەو پارەیەی بۆ ئەوان پێویستە بڕەكەی زۆرە و بەئاسانی لەم دۆخە دابین نەدەكرا بۆ نموونە لە كەلار بڕێك پارەی پێویست هەبوو مووچەمان بۆ سەرفكردن تا مانگی شەش ، بەڵام ئەم كێشەیە لە هەولێرو سلێمانی دروستبوو ،چونكە مانگی ١٢ هیچ بڕە پارەیەك لە بانق نەبوو لەو ماوەیە داوامانكردووە بدرێت بە دڵنیاییەوە كێشەكەیان چارەسەر دەبێت .

***دەنگۆیەك هەیە كە قوتابی زۆر وەردەگیرێت لە دەرەوەی ڕێنماییەكان و لەپشت تیرو پشكەوە تاچەند ئە م دەنگۆیانە ڕاستە و ئایا ئێوە ئاگادارن ؟**

من لە ٢٠٢٠/١/١ بەرپرسم لەم قوتابخانانە كە خرانەوە سەر وەزارەتی پەروەردە پێشوو تر نازانم پارساڵ لە ڕێگای تیروپشك زۆر شەفافانە وەرگرتن كرا بە بەرچاوی دایك و باوكانەوە لێرەش چەند جار وردبینیمان كردووە و لە كۆمپیوتەر سەیرمانكردووە، بەڵام منداڵی كورو كچی شەهید ئەوە لە دەرەوەی تیرو پشك وەردەگیرێن و تەنها لە قۆناغی یەكەمی باخچە ، پارساڵ كورسی بەتاڵ ڕاگەیەنرا كە كۆمەڵێك قوتابی وەردەگرت لە هەموو قۆناغەكان و بەپێی پێویستی قوتابخانەكان كە دەچنە تاقیكردنەوەیەكەوە بە بەرزترین نمرە وەردەگیرێن ئەویش بە فەرمانی وەزاری جگە لەوە ئەمساڵ لە حەوت قوتابخانەكەی سابیس هیچ منداڵێك لە هیچ قوتابخانەیەك وهیچ قۆناغێك وەرنەگیراوە

هاتنی ئەم قوتابخانانە بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە كارێكی ئاسان نەبوو بە میلاك و قوتابییەوە چەند بڕیارێكمان دا بۆ باشكردنی ئاستی خوێندن و باشتركردنی بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانانەو ئاستی خوێندنیان كە مەبەستمان خزمەتكردنی ئەو قوتابیانە بوو، كاتێك تۆ گۆڕانكارییەك دەكەیت پێویستی بە كاتە، بەداخەوە هاتنی كۆرۆنا كاریگەرییەكی خراپی هەبوو لەسەر ئەو پرۆسەیە و ئەوەبوو مانگی ٣-٤-٥ دەوام ڕاوەستا و تاقیكردنەوەكان دواخران ، بەڵام بۆ ئەمساڵا ئەنجامی ئەو گۆڕانكارییە بە زووترین كات دەردەكەوێت، گۆڕانكاریەكانیش بە ئاراستەی بەڕێوەبردنێكی باشتر كە بەرژەوەندی قوتابیانیش یەكەم شتە كەلەم پرۆسەی گۆڕانكاریەدا لەبەرچاو دەگیرێت، ئامانج و خواستی ئێمەیە منداڵی كوردیش بەرامبەر منداڵی هەر دەوڵەتێكی تر بەرەو پێش بچن و كێبڕكێی قوتابیانی وڵاتان بكەن و نمرەی بەرز بە دەست بهێنن.

***بۆچی قوتابیانی پۆلی ١٢ ی سابیس لە قوتابخانەی فاخیر مێرگەسوری حكومی دەوام دەكەن ؟**

لە گرێبەستی ساڵی ٢٠١٨ كە ئیمزا كراوە لەبەندی ٢٧ باسی ئەوە دەكات بۆ دوو ساڵ وەكو ئەزموون قوتابیان دەتوانن یان تاقیكردنەوەی نێو دەوڵەتی سات بكەن یان دەتوانن تاقیكردنەوەی وزاری خۆمان بكەن بە پڕۆگرامی وەزارەتی پەروەردە ، بۆ ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ و ٢٠٢٠-٢٠٢١ ئارەزوومەندانە قوتابی سەرپشك دەكرێت ،بەڵام دوای ئەو دوو ساڵە هەموو تاقیكردنەوەكان دەبێتە نێو دەوڵەتی ، بۆ ئەمساڵ بەپێی گرێبەستەكە بەمجۆرەیە .

بەڵام بە مەرجێك كۆمپانیا وەك بەرپرسیارلە كارگێری ئەو قوتابخانەیە قوتابییەكە ئامادە بكات بۆ تاقیكردنەوە نێو دەوڵەتییەكان.

***تاقیكردنەوەی نێو دەوڵەتی بەو مانایەیە كە مافیان لە زانكۆكانی حكومەت نەبێت ؟**

نەخێر بەشیان پارێزراوە چ لە زانكۆی حكومی و چ ناحكومی .

بەڵێنمان وەرگرتووە و بەم نزیکانە کێشەی شایستە داراییەکانی مامۆستاکانی سابیس چارەسەر دەکەین

قوتابخانەكانی سابیس بە نێودەوڵەتی دەمێننەوەو گرێبەستییان تاساڵی 2024 بۆ نوێكراوەتەوە





ئەمساڵ لە حەوت قوتابخانەکەی سابیس هیچ منداڵێک لە هیچ قوتابخانەیەک و هیچ قۆناغێک وەرنەگیراوە

بەشێک لە ڕێنماییەکان پێویستیان بە پێداچوونەوەیە





کارزان کانەبی

لەگەڵ ئەوەی لە ئێستا دا قۆناغێكی سەختی ئابوری لە هەرێمی كوردستان و عێراق گوزەردەكات هەموو چینەكانی كۆمەڵگە بە دەست ئەو نەهامەتیە دەناڵێنن ئەوە لەلایەك، لەلایەكی تریش بەشێك لە ڕێنماییەكان بوونەتە كۆسپ لە بەردەم مامۆستا و فەرمانبەران كە ژیان و ماندوو بوونی مامۆستا و فەرمانبەر لە بەرچاو ناگیرێ، لە هەر قۆناخێك كە بۆ هەریەك لە ئێمەمانان ڕەنگە دەرفەتی خوێندن نەڕەخساو بێت، بەڵام كاتێكی لە بار هەڵ ڕەخساوە و دەستمان بە خوێندنی زانكۆ كردۆتەوە بەشێك لە ڕێنماییەكانی وەزارەتی دارایی بۆ وەزارەتی پەروەردە بە تایبەت بۆتە كۆسپ بۆ ئەوەی ڕەنج و ماندووبوونی مامۆستا لەبەر چاو نەگیرێ، ئەوەی لێرە دەمەوێ باسی بكەم ڕێنمایی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی پەروەردەیە بە ژمارە (١٧٨٢٦) دەقی بڕیارەكە وایە كە دەڵێ كە تایبەتە بە دەرماڵەی بڕوانامە» ئەم دەرماڵەیە خەرج دەكرێ لە سەر بنەمای دواین بڕوانامە كە فەرمانبەر بەدەستی دەهێنێت، بە مەرجێك بڕوانامەكەی پەیوەندی هەبێت بەو كارەی كە پێی هەڵدەستێت، واتە ئەم بڕوانامەیە تایبەتە بە دواین بڕوانامەی كە پێشتر بەدەستی هێناوە بۆنموونە ئەگەر فەرمانبەرێك بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێنا لە كاتی خزمەتی وەزیفیدا دەرماڵەكانی لە سەر ئەو بڕوانامەیە بۆ خەرج دەكرێت(ماستەرەكە) نەوەك لە سەر بڕوانامەی بكالۆریۆس كە پێشتر هەیبووە، ئەوەی جێگای تێبینیە لە كوردستان ڕێنمایی شوێنی یاسای گرتووە، وە ئەوەش پێچەوانەی دەسەڵاتی یاسا دانانە، چونكە ناكرێ بە ڕێنماییەك یاساكان پشتگوێ بخرێت، چونكە یاسا، یاسایە لە ڕێگای دەنگدان لە پەرلەمان دەردەچێ، بەڵام ڕێنمایی میزاجی كەسییە بۆ ڕێگری كردن لە كارێك یان ڕێگەپێدان بەكارێك، جا بۆ ئەو مەبەستە داوا پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم كاركردن بە یاسا بگەڕێندرێتەوە بەمەبەستی ئاسانكاری بەتایبەت لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا كە بنچینەی سەرەكی لە خوێندنی باڵا بەكالۆریۆس بە پسپۆڕی هەمیشەیی هەژمار دەكرێ نەوەك بڕوانامەی دبلۆم، بۆیە پێویستە لە سەر لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی كوردستان چاوێك بە یاساكانی وەزارەتی دارایی بخشێنەوە بۆ ئەوەی خزمەت بە چینی گشتی بكەن، ئەوانەی شەونخونیان كردوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر لەكاتێكدا ئەوانە زۆربەی چینی هەژاری كۆمەڵگەن كە بەهەر هۆكارێك بووبێت نەیاتنوانی بێ خوێندن تەواو بكەن ئێستا خوێندنەكانیان تەواو كردوە و ڕێز لە بەدەستهێنانی بڕوانامەكەی بگرن، نەك بە میزاجی شەخسی زۆر شت هەیە رابگیرێ، داوا لە ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردەش دەكەم خودی وەزیری پەروەردە بێتە سەر خەت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم بڕیارە پێداچوونەوەی پێ بكرێ مامۆستایەك لە كاتی گۆڕینی ناونیشانی وەزیفی بۆچی ئەو بڕوانامەی بۆ هەمار دەكرێ لەگەڵ دەرماڵەكەی كە بەدەستی هێناوە هەر لەم وەزارەتەش ماوەتەوە، هیوادارم ئەو كابینەی كە پەیامی چاكسازی و دادپەروەری هەڵگرتووە هەردوو وەزیری دارایی و پەروەردە بەیەكەوە بتوانن كارێك بكەن بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەموو مامۆستا و فەرمانبەرانەی كە لە پێشووتر بڕوانامەی تریان بەدەستهێناوە كە دبلۆمەكەیان پسپۆرییەكی ترە دەرماڵەیان بۆ خەرج بكرێ، چونكە هەر لەهەمان وەزارەت و سلكی پەروەردە درێژە بە خزمەتی وەزیفی خۆیان دەدەن، ئەوەش جێگای هەڵوەستە لە سەر كردنە كە لەم بارودۆخە ناهەموارە لە بری هاوكاری كردنی مامۆستا و فەرمانبەران بە ڕێنماییەك ڕێگری لە دەرماڵەكانیان دەكرێ، هیوادارم لیژنەكانی پەروەردە و دارایی لە پەرلەمان كە چەندین جار پەیوەندیمان بە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان كردوە وەڵامیان نەبووە بۆ قسەكردنمان لە سەر ئەو كێشەیە بێنە سەر هێل كە خۆیان بە نوێنەری خەڵك دەزانن كە ئەوان نوێنەری گەلن لە هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەوەی مافی من و سەدانی وەكو من بگەڕێتەوە كە خزمەتمان هەیە لە بواری پەروەردە وەكو پێشمەرگە ئاسا خزمەتی پرۆسەی پەروەردە و فێركردنمان كردوە لە قۆناغەكانی خزمەت كردن .

ئەو پیاوەی بۆ کورد ژیا و لە پێناوی کورد سەری نایەوە



د.یوسف عبدولقادر

حەسۆ میرخان ژاژۆکی ناوەکی ئاشنا بووە لەسەدەی رابردوو هەر لە سەرەتای ژیانیەوە چەکی کوردایەتی کردۆتە شان و بووە بە پێشمەرگە و یەکێك بووە لە هەڤاڵانی بارزانی نەمر کە بەشداری شۆڕشەکانی بارزان و کۆماری مهابادی کردووە و یەکێك بووە لەو کۆمەڵە قارەمانانەی کە لەگەڵ جەنابی بارزانی نەمر لە ساڵی 1947 شەڕی سێ دەوڵەتیان کرد و لە رووباری ئاراس پەرینەوە بەرە و یەکێتی سۆڤیەت. من وەکو یەکێکی نزیك ئەو کەڵە پیاوە شانازی ئەوەم هەبوو، کە لە خزمەتی دابم و یادەوەریەکانی پاکنووس بکەم لە نزیکەوە ئاگام لە بۆ چوونەکانی و قسەکانی بوو، کە ئەو کات وەکو گەنجەك دەرسی لێوەربگرم, جۆری بیرکردنەوەی شەهید حەسۆ میرخان جیا بوو لەگەڵ زۆر خەڵکی تر کە بە داخەوە خەبات و بیرکردنەوە و هەوڵی بۆ شتێك دا کە بووە قوربانی ئەو شتەی, کە زۆر دژی بوو ئەویش شەڕی براکوژی بوو چونکە هەمیشە باسی ئاشتی و برایەتی دەکرد و دەیگوت حەیفە کورد بە دەستی کورد بکوژرێ و ماڵی وێران بێ پێویستە هەموو کورد ئاشت ببنەوە و یەك ریزی و یەك هەڵوێست و یەك دەنگ بن , هەتا کورد یەك نەبێ و یەکگرتوو نەبێ سەرناکەوێ پێویستە هەوڵبدەن یەکریزی دروست بکەین ئاشتیەکی سەرتاسەری بینا بکەین , کەچی بەداخەوە لە مانگی 10ی ساڵی 1983 لە شەڕێکی براکوژی بە دەستی کورد شەهید دەکرێ



شەهید حەسۆ میرخان ژاژۆکی


کە ئەوکات یاداشتەکانی کەوتە دەستی تەرەفی دووەم و رۆژانە لە ئێزگەکەیان دەخوێندرایەوە کە چەند دژی براکوژی بووە و حەزی لە برایەتی و ئاشتی بووە. شەهید حەسۆ میرخان مرۆڤێکی رادەبەدەر رۆشنبیر بوو هەمیشە هانی خەڵکی دەدا بۆ خوێندن و فێر بوون بۆیە زۆربەی منداڵەکانی بڕوانامەی بەرزیان هەیە بوونە دکتۆر هەروەها ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکرد کە دژی هیچ کەسێك نەبن بە باش بڵێن باش خەراپیش وەکو خۆی هەروەها دژی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و کورد پەروەر نەبن لە هەر شوێنێك بێ پشتگیری بکەن , لەسەر بنەمای ناوچەگەرایی جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان مەکەن، هەمووی بەیەك چاو سەیر بکەن ئەوەی خاوەن بەهرە و کورد پەروەر بوو پشتگیری بکەن , منداڵەکانی لەسەر رێبازی پاك و پیرۆزی بارزانی نەمر پەروەردە دەکرد , رۆژێکیان پرسیارم لێکرد لە بارەی گەورەیی جەنابی بارزانی نەمر گوتی (هەر مرۆڤێك چەند بەهێز بێ هەر خاڵێکی لاوازی هەیە بۆ نموونە هەیە زۆر ئازایە لە هەوراز بەڵام لە نشێو قەدەمی دەشکێ یان بە پێچەوانە هەیە زۆر ئازایە لەشەڕ لە تەیارە دەترسێ یان زوو وەرەی دەڕوخێ هەیە لە تەنگانەدا بڕیاری دروستی پێ نادرێ هەیە کە دەڵێن وا دوژمن نزیکە هێرشیان دەکەنە سەر تووشی شەپرزەیی دەبێ هەیە لە برسان قەدەمی دەشکێ هەیە زوو ماندی دەبێ توانای رۆیشتنی نامینێ. بەڵام جەنابی بارزانی هەموو سیفەتێکی تێدا بوو لە هەورازو و نشێو باکی نەبوو لە رۆیشتن ماندوو نەدەبوو بە برسیاتی شەکەت نەدەبوو تووشی هەڵچوون نەدەبوو ئارام بوو زۆر حەکیمانە بوو لە بڕیار دان , هەمیشە بڕیاری دروستی دەدا کە دوژمن هێرشی دەکرد نەدەشەپرزا زۆر بە ئارامی و لەسەر خۆ بڕیاری دەدا کە سەرکردایەتی شەڕی دەکرد و چاومان پێ دەکەوت ورەمان بەرز دەبوو ترسی لە هیچ شتێك نەبوو پێش پێشمەرگە نانی نەدەخوارد یان هەتا دڵنیا نەبوایە کە خواردنی ئەو جیاوازی لەگەڵ ئێمەدا نیە نەیدەخوارد من هیچ خاڵێکی لاوازم لە جەنابی بارزانی نەمر نەدیت).

بێگومان قسەکانی ئەو شەهیدە رۆشنبیر و قارەمانە دڵۆپێك بوو لە خەزینەی کەلتوری بارزانی نەمر کە پێویستە خەڵکی لەسەری پەروەردە بکرێ. لێرەدا یادی 37مین ساڵەی شەهید بوونی ئەو قارەمانە دەکەین یادی بەخێر گۆڕی پڕ نوور.


لاوانی بادینان گەشبینن بەهەنگاوەکانی چاکسازی و ئایندەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان



ئومید نزار زاخۆی




هەلز عباس دهۆکی




شڤان خازی شێخانی



دڵڤین شەماڵ ئاکرەیی



عەبدولعەزیز سوڵتان شنگالی



سولاف نزار بەردەرەشی

ڕاپۆرت ـ مسلم دۆلەمەری

هەرچەندە دوای دەستبەکاربونی نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێم چەندین قەیران وگرفت و پەتای کۆرۆنا بەرۆکی کوردستان و بگرە جیهانیشی گرتووە، بەڵام پڕۆژەی کارەکانی کابینەی نۆیەم کە گرنترینیان چاکسازی بوو لەکار نەوەستاو تاکو ئێستاش بەردەوامە, ئەویش بۆ بەرەو پێشبردن وپاکتاوکردنی وڵاتە لە گەندەڵی وگرفتی ئابووری ئەمرۆی هەرێم , بۆ ئەم مەبەستەش لاوانی بادینان لە رێپۆرتاژێکی تایبەت بەخەبات گەشبینی خۆیان راگەیاند بۆ ئایندەی رووناکی کابینەی نۆیەم وپرۆژەچاکسازیەکانی.

سەرەتا ئومید نزار زاخۆی گوتی: ئەگەر تەماشای هەرێمی کوردستان وعێراقیش بەگشتی بکەین دەبینین کە ماوەیەکە تووشی بارودۆخێکی نالەبار بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆراگری خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەوپێشهاتانە وایکرد بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم بێتە وەستان کەگرنگترینیشیان پڕۆژە یاسای چاکسازی بووە ,چونکە ئەگەر تەماشای دەستپێکی دەست بەکار بوونی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین کە لەسەرەتای دەستبەکاربونی و تاکو ئێستاش جەختێکی زۆر لەسەر چاکسازی دەکات بەبوونی دەیان گرفت وپێشهاتیش وەکو هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەکاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەسەر پڕۆژە یاساکان وکاری حکومەتی هەرێم. هەروەها دروستبوونی ئاستەنگی ئابووری و سیاسی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی وهەرێمدا ,بەرزی و نزمی نرخی نەوت ئەمانە و چەندین پێشهاتی تر ,بەڵام لەهەمان کاتدا دەبینین پڕۆژەکان بەردەوامن و رۆژ لەدوای رۆژیش بەرەو پێشتر دەڕوات ئەویش پێویستی بە کۆدەنگیەکی زۆری نێوان پارتەکانی کوردستان دەبێت کە بەداخەوە من وەکو پێویستی نابینم کە کۆدەنگی وپشتیوانی تەواو هەبێت بۆ سەرخستنی پڕۆژەی چاکسازی و بەرەو پێشبردنی پرۆژەکان بەتایبەتی کە دەبینین ئوپۆزسیۆنی هەرێم چۆن دژایەتی پڕۆژەکان دەکات وخەڵك دژی حکومەت هانەدەدات. بەڵام بەم هەموو گرفتەوە من وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەبینم کە حکوومەتی هەرێم کەمتەرخەم نەبووە لەجێبەجێکردنی کارەکانیدا و بەتایبەتی پڕۆژەی چاکسازی بەڵام پێم وایە پێویستە زیاتر کاری بۆبکرێت بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و واستەکاری لەنێو دەزگا حکوومییەکان و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی.

هەروەها هەلز عباس دهۆکی گوتی: من وەکولاوێك زۆر بە ئومێد و ئاواتم کە لە کابینەی نۆیەمدا زۆر گۆڕانکاری دەکرێت بەتایبەتی خزمەتی تۆڕی لاوان, چونکە دەبینین زۆرینە بەرێکەری کابینەی نۆیەم لاون وخاوەن ئەزموون و رابردووی باشن, هەرچەندە ئاسەواری شەڕی داعش و هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چەندین گرفتی تر ئەمڕۆ بەرۆکی کوردستانیان گرتۆتەوە بەڵام باوەڕی تەواوم بە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم وکار وپڕۆژەکانی هەیە بە سەرۆکایەتی رێزدار مسرور بارزانی چونکە کەسێکی دڵسۆزی گەلی کوردە بۆیە دەڵێم منیش وەك لاوێکی ئەم وڵاتە هەمیشە بەهێزەوە هاوکاری حکوومەتی خۆم دەبم و باوەڕی تەواوم بە ئایندەی حکوومەتی خۆم هەیە.

شڤان غازی شێخانی گوتی: پێمواید هێشتان خەڵکی کوردستان بە تەواوی لە پڕۆژەی چاکسازی نەگەیشتون چونکە زۆر کەس پێی وایە کە دەبێت چاکسازی بە شەو رۆژێك تەواو بێت، ئەگەر تەماشابکەین پێش کابینەی نۆیەم زۆرێك لە پارتەکانی کوردستان خەڵکیان هاندەداو بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە تەنها پارتی گەندەڵە و دەبێت چاکسازی بۆ بکرێت بەڵام دوای دەستبەکاربوونی مسرور بارزانی و بریاردان لەسەرپڕۆژەی چاکسازی بینیمان چی رویدا لەنێو پارتەکانی تری کوردستان کە زۆرێکیان دژی ئەم چاکسازیە وەستان بەڵام بەخۆشحاڵیەوە چاکسازیەکە دەستی پێکرد و تا رادەیەکی زۆرباشیش کاری لەسەر کراوە, لەوانە: نەهێشتنی موچەخۆری بندیوار یان نەهێشتنی دووموچەیی یان باشتر بوونی رێگاو بان و زۆربوونی کارەبا دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی گرنگ و بەسود بۆ ئایندەی لاوان و وڵاتمان، گەڕاندنەوەی سامانی گشتی بۆحکوومەت گۆڕانکاری بەرپرسان و ئەمانە و چەندین کاری باشی تری ئەم کابینەیە و بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێشنیار دەکەم کە زیاتر گرنگی بەخانەوادەی شەهیدان بدەن. هەروەها گرنگی دانی زاتر بەکەم ئەندامان وپێداویستی تایبەتەکان و جوتیاران بدرێت و پڕۆژە و کاری زیاتر رێکبخەن بۆلاوان و زیاترگرێ لە داواکاری و بۆچونی هاوڵاتیان بگرێ و گەشبینین, کە بەرەو ئاسۆیەکی روون وپڕشنگدار هەنگاودەنێین.

دڵڤین شەماڵ ئاکرەیی گوتی : بێگومان کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرلە سەرەتای دەست بەکاربوونی چەندین پڕۆژەی گرنگ و ئاواتخوازی جێبەجێ کردووە نمونەی ئەو چاکسازیانەن کە لەنێو دەزگاکانی حکوومەت کراوە کە بووە ئاواتێك و دڵخۆشیەکی زۆر بۆ هاوڵاتیان, نموونەش هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و خزمەتکردنی تەواوی لایەنی تەندروستی بە هاوڵاتیان، کە خۆشبەختانەش تا رادەیەکی زۆر باشیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا, بۆیە من خۆم، کە دەبینم زۆربەی لاوانمان گەشبین و ئاواتە خوازن لە سەرکەوتنی پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەم و ئایندەی وڵاتمان ئەویش بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی.

هەروەها عەبدولعەزیز سوڵتان شنگالی گوتی: من وەك لاوێکی شنگالی زۆر گەشبینم بەکابینەی نۆیەم بەسەرۆکایەتی، چونکە ڕوون و ئاشکرایە، کە هەر لە یەکەم رۆژی دەست بەکاربوونی ئامانجی خزمەتکردنی گەل و وڵات بووە, هەرچەندە ماوەیەکە قەیرانی دارای وهاتنی ڤایرۆسی کۆرونا بوەتە ئاستەنگ لە بەردەم زۆرێك لە پڕۆژەکانی حکومەت بەڵام لە هەمان کاتدا دیارە کە سەرۆکی حکوومەت توانیویەتی تا رادەیەکی زۆرباش ئاستەنگەکان ببڕێت و بەرەو ئارامی ببات, نموونەش ئەو چاکسازیانەن کە لەو ماوەیەدا کردوویەتی لەنێو داموەزگاکانی حکومەت و نەهێشتنی زۆرێك لەرۆتینات و گەندەڵییەکان و لە رووی پەیوەندییەکانی دەرەوەش جێی پەنجەی دیارە نموونە رێککەوتن و دانوساندنەکانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی .

لە کۆتاییدا سولاف نزار بەردەرەشی گوتی: هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ستافی کابینەی نۆیەمەوە من زۆر دڵخۆش و گەشبین بوومە بەوەی کە دەتوانرێت حکومەتێکی سەرکەوت و شەفاف لەئاست خواستی خەڵك بنیات بنرێت, چونکە لە کابینەی پێشوتر کۆمەڵێك بابەت وپڕۆژەی هەڵواسراو مابوون کە نەتوانرابوو چارەسەر بکرێن بەڵام خۆشبەختانە براگەورە لە ماوەی دەستبەکاربوونی توانیویەتی زۆرێك لەو پڕۆژانە چارەسەربکات ئەوەی ماوەش بێگومان چەندین هۆکارهەن لەبەردەمیدا نموونە رێکنەکەوتنی کۆتایی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەیرانی دارای جیهانی ئەمانە و چەندین هۆکاری تر هەن, بەڵام هیوادارین لە دوای تێپەراندنی ئەم هۆکارانە حکومەتی هەرێم لە ئاست ئەومتمانەیە بێت کە هاوڵاتیانمان دەنگیان پێداوە, دڵنیا و گەشبینیشم کە کابینەی نۆیەم دەتوانێت لەئاست ئەو بەرپرسیاریە دا بێت کە خستوویتە سەر شانی. هەروەها دەتوانێت ژیان ئاسایی بکاتەوە و چارەسەری کێشەکان و باری دارایش بکات.



شنگال و رێککەفتنا دیروکی

خالد ئەحمەد بادی

بێ گومان مللەتێ کورد مللەتەکێ خوراگر وخورستی یە وزور رەوش ویەرێن دلگران ونەخوش بسەر دا هاتینە ولهندەك قوناغان ژی رەوش وبویەرێن دلخوشکەر بسەر مللەتێ کورد دا هاتینە .لڤان روژان نوچە ودەنگوباسێن گەرم وگور بەرەف مللەتێ کورد ڤە یێ دهێن کو ئاسویێن گەش ددوربینا کوردان دا یێ هێنە دیتن وبەلکو گرنژین دوبارە ب سەر لێڤێن تاکێ کورد دا دیار ببن و هندەك ژمافێن مللەتێ کورد یێن ژێ هاتینە ستاندن بزڤرنە ڤە وتاکێ کورد بتاییەت یێن دەڤەرێن شنگال ب مافێن خو یێن رەوا شاد ببن ودوبارە ب جە و وارێن خو خوش ببن. حکومەتا هەرێما کوردستانێ وسەرکردایەتیا کوردی هەردەم کار کریە ژبو بدەست ڤە ئینانا شنگال وهەمی دەڤەرێن کوردستانی یێن ژ کوردان هاتینە ستاندن ب هێزێ وکورد بێ بەهر ومحروم کرین ژ کێمترین مافێن وان یێن رەوا وهەر لسەر دەمێن شورەشێن کوردان وبتاییەت شورەشا ئیلونا مەزن وگولانا پێشکەفتنخواز دەڤەرێن کوردان وبتاییەت کەرکوك و دەڤەرێن شنگال وزومار وخانەقین وهەمی دەڤەرێن کوردان یێن داگیرکری رزگار بکەن وبزڤرینن باوەشا کوردستانێ وب هزارەها کورێن مللەتێ کورد یێن خەباتکەر وپێشمەرگێن قارەمان گیانێ خو کرینە قوربان وروبیارێن خوینا خو رێشتینە دا کو عەردێ کوردان ژدەست دوژمنان رزگار بکەن وتەسیلمی خودانێن وانان بکەن, پشتی روخیانا دکتاتورێ چەرخێ بیستێ ونەمان وگوربگورکرنا رژێما بەعسا ژناف چویی شنگال ودەڤەرێن ژێستاندی هەمی زڤرینە ڤە باوەشا کوردان وحکومەتا هەرێما کوردستانێ , لێ دلێ پری کەرب وکینا دوژمنان وروبێ رەشێ وان نە ڤیا شنگال ببینن دەدەستێن خودانا دا ,هێرشێن تیروستێن داعش وپاشان حەشدا وەحشی ونوکەر ودارەدەستێن دوژمنان دوبارە شنگال ودەڤەرێن دی گرتنە ڤە وکوردێن ئیزدی وموسلمان ومەسیحی دەرێخستن وهەرێما کوردستانێ باوەشا خو بو ڤەکرن وبونە خودانێن مالێ وب هزارەها مال وحال وملکێ خو هێلان ول هەرێمێ بنەجە بون وژیارا خو بەرە سەر . بپشتەڤانی وهیمەتا سەرکردایەتیا کوردی وحکومەتا هەرێما کوردستانێ ل رێککەفتی (2020\10\9) وب سەرپەرشتی وراسپاردا سەروکێ حکومەتێ شاندێ هەرێما کوردستانێ ب سەروکاتیا رێبەر احمد وەزیرێ ناڤخو سەردانا بەغدا کرن ژبو ئیمزا کرنا رێککەفتنەکا دیروکی لناڤبەرا عیراق وکوردستانێ ژبو ئاساییکرنا رەوشا شنگال و زڤراندنا خەلکێ شنگال ودەوروبەران وناڤاکرنا شنگالێ ودوبارە گەهاندنا خزمەتگوزاریێن جودا جودا وخوشکرنا رەوشا وان ئاواران وپاراستنا خەلکێ دەڤەرێ .ژ گرنگترین خالێن رێککەفتنا ناڤبری دەرکرن ونەهێلانا هەمی گوروپ وهێزێن چەکدار یێن تا نوکە ل شنگال ودەستهەلات دەدەستێن وانان دا وزڤراندنا هێزێن فەرمی ویێن پێشمەرگە و دروست کرنا هەماهەنگیەکا بهێز لناڤبەرا هێزێن پێشمەرگە وهێزێن عیراقێ ژبو پاراستنا ئیمناهیا دەڤەرا ناڤبری .براستی ئەڤ رێککەفتنە یا دیروکی یە کو لناڤبەرا حکومەتا هەرێمێ وعیراقێ هاتیە ئیمزا کرن وخالا دلخوشکەر بامریکا ونەتەوێن هەڤگرتی دەست خوشی ل هەردوو حکومەتا کریە لدور ڤێ ریککەفتنێ و وەسا ژی هاتیە خویا کرن کو دێ دەڤەرێن دی ژی یێن کوردستانی مینا ڤێ رێککەفتێ لناڤبەرا هەردو حکومەتا هێتە گرێدان .بەرز وبالا بیت ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ .



هەنگاوەکانی مەسرور بارزانی و چوونی بۆ پەرلەمان

ساسان دەرویش – هۆڵەندا

بوونی رێزدار مەسرور بارزانی بە زۆرینەی دەنگ و هەڵبژاردنی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کابینەیەدا و متمانەبەخشین پێی لەلایەن زۆرینەی دەنگی پەرلەمان و خەڵك، بۆ کارەکانی ڕابردووی بوو، من نامەوێت لەم دەرفەتە کەمەدا بگەڕێمەوە سەر مێژووی ژیانی پێشمەرگایەتی و بەشداربوونی لە شاخ و سەنگەری کوردایەتی، وەك گەنجێکی لێهاتوو خاوەن بڕوانامەی بەرز و دیبلۆماسیەتێکی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دەرکەوت لەنێو خەڵك و پارتە تێکۆشەرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان .

لێرەدا بە نۆبەی خۆم ئاماژە بەو دڵسۆزی و لێهاتوویەیەی ڕیزدار مەسرور بارزانی دەکەم کە زۆرینەی خەڵك وەك بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر، وەك سەرکردەیەکی گەنج لە ڕۆژە سەختەکانی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریستانی داعش وەك پێشمەرگەیەك و سەرکردەیەکی چاوکراوە، شەونخونی دەکرد، وەك ئەندازیارێك بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دڵنیایی بە خەڵك کە سەروماڵ و ژیانیان پارێزراو دەبێت، ئەمە بۆ خۆی ئەو ڕاستییە بوو کە هەمیشە لەناو خەڵکدا دەگوترایەوە و بە بەرزی دەنرخێندرا لە کارەکانی پێشووی، لەکاتێکدا لە زۆربەی شارەکانی عێراق، ڕۆژانە خوێنڕشتن بوو لە تەقینەوە و تیرۆر و کوشتن .

لەم کابینەیەشدا ڕێزدار مەسرور بارزانی لە هەوڵی زۆر و بەردەوامیدایە بۆ کۆتاییهاتن بە قەیرانەکان کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە بەهۆی ڕوودواوەکان و کێشەکانی بەردەمی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی خراپبوونی باروگوزەرانی خەڵك و دواکەوتنی موچەی و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان

لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا هەموومان بینیمان ڕێزدار مەسرور بارزانی چۆن خۆبەخۆ هەنگاوی بڕی بۆ چوونی بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەو ڕاستیانەی خستەڕوو کە خەڵکی کوردستان بەهۆی نەیارەکانی کورد و بەردەوامی چەواشەکاریان ڕاستییەکانیان تەمومژاوی کردبوو، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و شاندەکەی یاوەری توانیان لە ڕێگای پرسیاری پەرلەمانتاران بەرچاو ڕوونی بە خەڵکی کوردستان بدات کە هەنگاوەکانی بۆ کۆتایی هاتن بە قەیرانەکان و شڵەقاندنی گۆمی مەنگی نەیارانی کوردی بە وەستانیان کە چیتر چەواشەکاری و بە لاڕێدابردنی خەڵك و دوور خستنەوەیان لە ئینتایی نیشتمانی و نەتەوەیی کردە بڵقی سەرئاو، دڵنیایی بە خەڵکدا بۆ بەردەوامبوونی لە چاکسازی و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، ئەمەش بەوی کە هەموولایەك وڵاتی خۆیان خۆش بیوێت کە خۆراگرانە لە ئاستی بەرپرسیارێتی گەورەدابووون و هەنگاوی درێژیان بڕیوە و چەند هەنگاوێکی کورتیان ماوە، پێکەوە دەست لە ناودەست بکەین بۆ ئەو کوردستانە بەهێزەی کە چاوەڕوانی دەکەین.

متمانەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خۆراگری پێشمەرگەی کوردستانە، بە هەوڵی نەزۆك و نەیارانی کورد لەکەدارنابێت تا ئەم گەنجە لێهاتووە سەرۆکی حکومەت بێت . کوردستان لە دەستێکی ئەمین و متمانەپێکراودایە کە مێژوو شاهیدی ئەو ڕاستییەیە، کە باوباپیرانی ڕێزدار مەسرور بارزانی خەبات و تێکۆشانیان بۆ کرد و ئالای کوردستانیان تیادا بەرزکردەوە.

الاعتماد اللبناني
CREDIT LIBANAIS
التاريخ: ٢٠٢٠/١٠/٧
العدد: ١٠٧٠

اعلان

قرر مجلس ادارة (بنك) الاعتماد اللبناني ش.م.ل غلق فروعه داخل العراق وحسب موافقة البنك المركزي العراقي بكتابه المرقم ٧٩٨٢/٢/٩ تاريخ ٢٠٢٠/٦/٢٨ يرجى من الزبائن الكرام مراجعة فروعنا في العراق (بعداد و اربيل) لغرض سحب و دائعهم و تصفية متعلقاتهم في المصرف.
ادارة (بنك) مصرف الاعتماد اللبناني ش.م.ل

* * *

دائرة الكاتب العدل أربيل الأولى
شعبة الإنذار و الحجز
نشر الإنذار
المنذر : ياسين عبيد حسن
المنذر اليه : حسين لفته رشيد

قد وجه اليك الإنذار الرقم ٤٢٦٨٠ / ٢١٤ في ٢٠٢٠/١٠/٤ من قبل السيد ياسين عبيد حسن لغرض الانذاركم و بما انك قد استأجرت مني الشقة من مشروع إسكان الجديدة في عمارة رقم ١٦ طابق ١٠ نوع D رقم الشقة ٩٤٠ ببدل ايجار الشهري بالمبلغ قدرة شهريا ٥٠٠$ خمسة مائة دولار امريكي بموجب العقد الايجار المرقم ES-R- ٩١٠ تاريخ ٢٠٢٠/٢/٢٤ قي عقارات باغي شقلاوة و بما انك لم تسدد ايجار الأشهر نيسان و أيار و حزيران و تموز و اب و أيلول وتشرين الأول لسنة ٢٠٢٠ البالغ المجموع الكلى ٣٥٠٠$ ثلاثة الاف و خمسائة دولار امريكي و أيضا لم تسدد مبلغ الخدمات بقية كل شهر ١٠٠$ مائة دولار امريكي المجموع الكلي للخدمات الأشهر السبعة ٧٠٠$ سبعمائة دولار امريكي لذا انذرك بدفع كافة بدلات ايجار الأشهر السبعة مع الخدمات بعد ٨ ثمانية من تاريخ تبلغكم بهذا الإنذار بما انك مجهول الإقامة حسب اشعار محلة إسكان في مدينة هولير بتاريخ ٢٠٢٠/١٠/١١ ننشر لكم و بشكل رسمي في جريدتين يوميتين.
شوان فوزى زكى / عن كاتب عدل الأول
في دائرة الكاتب العدل أربيل الأولى

* * *

دائرة كاتب عدل دشتي هولير
العدد العمومي/ ١٤٦٢٣
السجل/ ٧٤
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٧
بواسطة دائرة كاتب عدل دةشتي
هولير الي مدير المفوض لشركة JK-
BARSAN السيد فتح الله ارتاش

مضمون الإنذار: لغرض تبليغ المساهمين في الشركة كل من السيد جواد عبدالرضا مالك/ ٢٥٪ سهما و السيد عدنان دعنوس مالك/١٠٪ سهما و ذالك لغرض انعقاد محضر اجتماع لتغيير المدير المفوض من السيد فتح الله ارتاش الي السيد دلير محمد حمد لحضورهم الاجتماع في مقر الشركة بعد ٣٠ يوما من تبليغهم وفي حال عدم حضوركم فسوف يتم و تغيير المدير المفوض بأغلبية الأسهم مع التقدير
بموجب وكالة خاصة المقرمة ١٣٢٨٩ / العدد ٦٧ تاريخ ٢٠٢٠/٩/٢٤
بموجب وكالة خاصة المرقمة ١٣٢٣١ / العدد ٦٧ تاريخ ٢٠٢٠/٩/٢٤
الاسم الثلاثي: فريد نجاة سليم/ وكيل شركة بارسان غلوبال مدير مفوض السيد احمد جنكيز مالك ٥٠٪ سهما و شركة مينكس انترناشيونال / مدير مفوض السيد بولنت كوكتونا مالك ١٥٪ سهما.
رقم الهوية:
تاريخ الإصدار:
جهة الإصدار
العنوان : أربيل
موبايل
قدم هذا الإنذار من قبل فريد نجاة سليم/ وكيل شركة بارسان غلوبال مدير مفوض احمد جنكيز مالك ٥٠٪ سهما و شركة مينكس انترناشيونال/ مدير مفوض السيد بولنت كوكتونا مالك ١٥٪ سهما المعروف بهويته أعلاه و بعد ان وقعه امامي طلب تبليغه الي : مدير المفوض لشركة JK-BARSAN السيد فتح الله ارتاش حفظ الأصل و أرسلت النسخة الثانية للتبليغ بتاريخ: ٢٠٢٠/١٠/٧
كاتب عدل/ عبدالستار عثمان نادر

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٨٥٠/ت.د/٢٠٢٠

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٨٥٠/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بيع العقار المرقم ١٦٨/١٨ مقاطعة ٩٣ جوار عقرة المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة /٨٥٠/ت.د/٢٠٢٠ الموقع ئاكرى/ خركا المساحة ٢٤٠٠ حصة الجنس زراعية مطرية القيمة المقدرة (٥٠٠٠٠٠٠) خمسة ملايين دينار عيراقى
المنفذ العدل/ بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ٢٣٤/ تنفيذ/ ٢٠٢٠
التاريخ ٢٠٢٠/١٠/٨

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع اجهزة الموبايل و الاكسسوارات حسب القوائم المرفقة فى صحيفتين محليتين لاقليم كوردستان العراق و المتعلقة فى الاضبارة المنفذة فى هذه المديرية فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (١٠) عشرة ايام تبدا من اليوم التالى للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من قيمة المقدرة و البالغة (١٨٣٤٥٦٥٠٠) مائة و ثلاثة و ثمانون مليون و اربعمائة و ستة و خمسون الف و خمسمائة دينار فقط) علما ان المصاريف و الدلالية على المشتري.
جێبەجێکاری دادێ زاخو/ خضر محمد حسن

المرفقات
الصفحات المرفقة ١ الى ٨
١- نوع موبايل / ايفون (PRO MAX ١١) ٦٤ گيگا عدد/ ٢٨ سعر/ دينار/ ١,١٥٦,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٣٢,٣٦٨,٠٠٠.
٢- نوع موبايل / ايفون (PRO MAX ١١) ٢٥٦ گيگا عدد/ ١١ سعر/دينار/ ١,٢٧٩,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ١٤,٠٦٩,٠٠٠.
٣- نوع موبايل / ايفون اكس ٦٤ گيگا عدد/ ٩ سعر/دينار/ ٥١٦,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٤,٦٤٤,٠٠٠.
٤- نوع موبايل / ايفون اكس ١٢٨ گيگا عدد/ ٤ سعر/دينار/ ٥٦٥,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٢,٢٦٠,٠٠٠.
٥- نوع موبايل / ايفون اكس MAX ٦٤ گيگا عدد/ ٨ سعر/دينار/ ٧٦٢,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٦,٠٩٦,٠٠٠.
٦- نوع موبايل / ايفون اكس MAX ٢٥٦ گيگا عدد/ ٥ سعر/دينار/ ٨١٦,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٤,٠٨٠,٠٠٠.
٧- نوع موبايل / ايفون (١١) ٦٤ گيگا عدد/ ٢٤ سعر/دينار/ ٧٢٥,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ١٧,٤٠٠,٠٠٠.
٨- نوع موبايل / ايفون (١١) ١٢٨ گيگا عدد/ ١٥ سعر/دينار/ ٧٧٥,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ١١,٦٢٥,٠٠٠.
٩- نوع موبايل / هەواوى مات ٣٠ PRO عدد/ ١ سعر/دينار/ ٤٠٠,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٤٠٠,٠٠٠.
١٠- نوع موبايل / ايفون (6S) عدد/ ٣ سعر/ دينار/ ١٩٧,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٥٩١,٠٠٠.
١١- نوع موبايل / ايفون ٨ پلاس ١٢٨ گيگا عدد/ ٤ سعر/دينار/ ٦١٥,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٢,٤٦٠,٠٠٠.
١٢- نوع موبايل / ايفون ٨ پلاس ٦٤ گيگا عدد/ ٤ سعر/دينار/ ٥٢٩,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٢,١١٦,٠٠٠.
١٣- نوع موبايل / ايفون ٧ پلاس ١٢٨ گيگا عدد/ ١ سعر/دينار/ ٤٤٣,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٤٤٣,٠٠٠.
١٤- نوع موبايل / سامسونغ A٧ عدد/ ١ سعر/دينار/ ٢٢١,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٢٢١,٠٠٠.
١٥- نوع موبايل / ايفون (6S) پلاس ٣٢ گيگا عدد/ ٣ سعر/دينار/ ٢٧٠,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٨١٠,٠٠٠.
١٦- نوع موبايل / ايفون 7S پلاس ٣٢ گيگا عدد/ ٣ سعر/دينار/ ٣٦٩,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ١,١٠٧,٠٠٠.
١٧- نوع موبايل / ايفون ٨ ٦٤ گيگا عدد/ ١ سعر/دينار/ ٣٤٤,٠٠٠ مجموع/ دينار/ ٣٤٤,٠٠٠.
لەو حاڵەتەدا کە وەرگێڕ زیاتر بەلای نووسەری دەقدا دایدەشکێنێ، هەوڵی ئەوە دەدات. تێکڕای تایبەتمەندییە ڕێزمانی و ماناییەکانی زمانی یەکەم، بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوو بەسەر زمانی دووەمیدا بسەپێنێ، دیارە ئەم جۆرە وەرگێڕانە، خوێنەری زۆر نابێت و ڕەگی ئەم جۆرە پاچڤەیە دوورو نزیك دەچێتەوە سەر پاچڤەی وشە بە وشە، لە حاڵەتەکەی دیکەشدا، واتا لەو حاڵەتەدا کە وەرگێڕ بەلای خوێنەردا دایدەشکێنێ، ئەوا ڕەگی کارەکەی (وەرگێڕانەکەی) دوورو نزك دەچێتەوە سەر پاچڤەی ئازاد.

فەرهەنگی (صادق)



کامەران حاجی ئەلیاس

بوونی فەرهەنگ، قاموس بۆ هەر کۆمەڵگایەك زۆر گرنگ و پێویستە بە مەبەستی ئاشنابوون و شارەزابوون لە مانا و مەدلولی وشەی زمانێکی تر. قاموس بەکاردەهێنرێت وەکو فاکتەرێك بۆ فێربوونی زمانێکی تر، کە لەوانەیە زۆربەی تاکی ناو کۆمەڵگا، لە ژیانی ڕۆژنە بەگشتی بەتایبەتی لە کاتی گەشتکردن زۆر پێویستی پێبێت.

قامووس وەکو سەرچاوە بەکار دێت بۆ وەرگێڕانی مانای وشە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر جگە لە ئەرکی سەرەکی کە بریتییە لە پێناسەی وشە لەرووی زانستی و دەربرین و لەرووی ڕێزمانییەکەی هەر لەبەر ئەم هۆیانە کارکردن ئامادەکردنی هەر قاموسێکی زمان کارێکی ئاسایی و ئاسان نییە، پێوستی بە ماندووبوونێکی زۆر دەبێت. دەبێ ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات شارەزایەکی باشی زمان هەبێت، لە هەمان کاتدا بەرپرسیارەتیش لە ئەستۆ بگرێت.

کاتێ چاو خشانێکم بە نێو قاموسی (صادق)دا کرد، کە لە عەرەبی – بۆ کوردییە هەستم کرد کارەکە زۆر بە ووردی کراوە پەلەشی لێنەکراوە چ لە ڕووی زمانەوە یان لە ڕووی دەربڕینەوە، بەجۆرێك وشەیەك چەندین مانای لە خۆگرتووەن، هەمووی ئامارە پێکراوە، هەموو کەسێك دەتوانێ وەرگێڕی هەر وشەیەکی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دەستکەوێت، کە بە پێی پیتی ئەلف و بێی عەرەبی ڕیزبەندی بۆ کراوە، وشەکان بە هەردوو شێوازی سۆرانی و کرمانجی وەرگێڕدراوە، ئەمەش سەلیقە و زانیاریەکی زۆر و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، هەر لەو قاموسەدا، ڕەچاو کردنی هەندێ وشە لەرووی کۆ و تاك کراوە.بە جۆرێك مانای وشەکان داڕێژراون کە زۆر بەی تاکەکان لە ڕژیانی ڕۆژانە بەکاریدەهێنن، بەتایبەتیش لە ڕووی ئەدەبی و میدیایی، لەدایك بوونی قاموسێکی ئاوا ئاسان نەبوو، شەونخونی ٣٠ ساڵەی نووسەر بووە کەلێکنی باشی کتێبخانەی کوردی پرکردۆتەوە.

لەم قاموسەدا مامۆستایەکی شارەزا ڕۆلێکی گرنگی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە ئەویش بەڕێز مامۆستای زمانەوانی (جەلال زەنگابادی)یە، کە هاوکاری و گرنگی زۆری بە قاموسەکە بەخشیوە بەهۆی توانست و لێهاتووی، مامۆستای ناوبرا لە ڕوو زمانەوانی، مایەی دەست خۆشییە. ئامادەکار لە چەند دێڕکدا:

* کۆمەڵە شعیرێکی بە ناوی
* کۆمەڵە شعیرێکی بە زمانی عەرەبی ئامادە بۆچاپ.
* لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٢٨ وەکو پێشمەرگەیەکی ناوخۆ بەشداری لە خەباتی کوردایەتی کردووە. ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٢٨ سەرکردایەتی خۆپیشاندانی قوتابیانی ئامادەیی ڕواندزی کردووە دژی بەعسییە شۆڤێنییەکان. ئەمەو سێ جاریش لەلایەن دەزگا داپڵوسێنەکانی بەعس گیراوە و بە تووندترین شێوەش ئەشکەنجەدراوە.


* ساڵی ١٩٦٤ لە دایك بووە
* سادق رواندزی، ناوی ساڵی حاجی جەوهەرە لە شاری رواندز لە دایك بووە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەو شارە تەواو کردووە.
* دەرچووی کۆلێژی ئادابە لە زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٩٠ .
* بڕوانامەی ماستەری لە کارگێری و بەڕێوەبردن لە زانکۆی لوبنانی – فەرنسی ساڵی ٢٠١٤ بەدەستهێناوە.
* بڕوانامەی ماستەری لە لێکۆڵینەوەی مەیدانی تایبەتی بە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان، چۆنیەتی بەڕێوەبردن لە ژێر ناوی(هکژا تکلّم سجن المحگه) بە زمانی عەرەبی وەرگرتووە ساڵی ٢٠١٥. (دڵ و خاك) ساڵی ٢٠١٢ چاپ کردووە.



دڵشاد کاوانی: ڕۆمانی بەڕێگاوە بە شێواز و تەکنیکێکی جیاواز نووسراوە

دیمانە: حەمیدسورچی

دڵشاد کاوانی نووسەرێکی گەنج و دیاری کوردستانە، سەرەتا وەك ڕۆژنامەوس و دواتر نووسەر و چیرۆکنووسێکی دەردەکەوێت. دڵشاد کاوانی خەڵکی شەقڵاوەیە و خاوەنی زیاتر لە ١٠ خەڵات و براوەی یەکەم و دووەم و سێهەمی فیستڤاڵی ئەدەبی و چیرۆکنووسییە لە کوردستان، کاوانی لە سەرەتای چیرۆکنووسییەوە ڕێچکە و شێوازی تایبەتی خۆی لە نووسین گرتۆتەبەر، دواجار لە ڕۆمانی (بەڕێگاوە) توانا‌کان و سنووری فراوانی خەیاڵ و داهێنانی لە فانتازیا و نووسیندا وەك گرکانێك دەتەقێتەوە و دەبێتە جێگای مشتوومڕێکی گەرم لە شێوە و شێوازی نووسینی ڕۆمانی کوردی. بۆیە ئێمەش لەم گفتووگۆیەماندا بۆ ڕۆژنامەی خەبات بەم جۆرە دواندمان.



• ئایا ڕۆمانی بە ڕێگاوە زیاتر واقعییە یان خەیاڵ بەسەریدا زاڵە؟

- ڕۆمانی بە ڕێگاوە دەتوانین بڵێین ڕۆمانێکی فرە چەشنە و لە دوو بەشی سەرەکی پەتای دەنگ و چێژی خوێن و لە ١٨ بەشی بچووک پێکهاتووە، لە زۆربەی بە شەکاندا ژیانی مرۆڤە ماندووەکان و سەختییەکانی ژیان بە شێوەیەکی واقیعی باسکراوە، بەڵام بە خەیاڵ و فانتازیا ڕازێندراوەتەوە، دەتوانین بڵێی ڕۆمانی بە ڕێگاوە جگە لەوەی بەزمانێکی تایبەتی و بە شێوە و شیوازی و تەنکنیکی جیاواز نووسراوەتەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانەکە وەسف و دووبارە و شوێن ئەمە پێکهاتەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و بەمەش وەڵامی پرسیارەکەت ئەوەیە کە زۆرتر خەیاڵ و فانتازییا زاڵە بەسەر واقعدا.

• ڕۆمانی بە ڕێگاوە لە ڕاگەیاندنی کوردی و عەرەبی و لە بەشی فارسی بی بی سی و سۆسیال میدیا باسی لێوەکرا و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟

- دەتوانم بە شانازییەوە ئەمە بڵێم کە ڕۆمانی بەڕێگاوە تا ئێستا یەکەم ڕۆمانی کوردیی بووە، بەر لە بڵاو بوونەوەی بەم ئەندازەیە بوبێتە جێگای باس گرنگی هەواڵەکان زۆر بەگەرمییەوە پێشوازی لێکرا و تەنانەت ڕۆمانی بەڕێگاوە ناوەند و ڕاگەیاندنە کوردییەکانیشی جێهێشت. بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ناوەندی عەرەبی و فارسی بۆتە جێگەی قسە و باس لەوانە بی بی سی بەشی فارسی سباح جدیدی عێراقی سباح نیوسی تونسی و یوم السبعەی میسری و چەندانی تر. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆمانی بەڕێگاوە وەک یەکەم ڕۆمانی سادستی و ماشۆزی کوردی بۆ یەکەم جار لە ئەدبیاتی کوردی دەنوسرێتەوە. چونکە ئەم جۆرە ڕۆمانە لە سەر ئاستی جیهانی جورئەتێکی باشی دەوێ، من کردم.

• بەهای بەرهەمی زیاتر و پڕ بەخشش، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیت بۆ دەخوازم.


- زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حمید سورچی و ڕۆژنامەی خەبات کە ئەو دیمانەییان لە گەڵ سازکردم.

لە ژێر ناوی کتێب داهێنانی ژیانە سیمینارێ ناساندنی ڕۆمانی بە ڕێگاوە سازکرا

ڕۆژی سێشەممە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٩ سەنتەری ڕۆشنبیری شەقلاوە بە هەماهەنگی کتێبخانەی گشتی شەقلاوە و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك نووسەر و ڕۆشنبیر و چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێنەر و قەڵەم دۆستان سمینارێکی سازکرد لە باخچەی کتێبخانە بۆ ناساندنی ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دلشاد کاوانی .. لەدەسپێکدا بەڕێزان نووسەر لێکۆڵەر هۆشنگ و مامۆستا مجبود ڕۆمانننووس و ڕەخنەگر سابیر ڕشید پەیام و وتە و خوێندنەوەی خۆیان پێشکەش کرد لەسەر ڕۆمانی بەڕێگاوە . دواتر (دلشاد کاوانی) نووسەری ڕۆمانی بەڕێگاوە بەگشتی باسی نووسینی ڕۆمانەکەی کرد و چەند بەشێکی گرنگی ڕۆمانی بەڕێگاوە بۆ ئامادەبووان شیکردەوە .. لە کۆتایی کتێبی ڕۆمانی بەڕێگاوە کە لەسەر ئەرکی سەیفەدین خالید سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری دابین کرابوو، بە واژووی دلشاد کاوانی بەسەر ئامادەبووان دابەش کرا ... ئەوەی جێگای ئامادەیە دوای شەش مانگ بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاروچالاکیەکانمان ڕاگرتبوو، لەمەو بە دوا دەست بە کاروچالاکیەکان دەکەینەوە بە پێی پەیرەوکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی ...



ئاسایشی خۆراک



هاوسەر سیامەند*

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ، ئاسایشی خۆراك دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر مرۆڤایەتی ، بە هۆی زیاتر بەکارهێنانی سامانەکانی زەوی ، وە ئاڕاستەی ئەو زیادبوونە توانای هەیە کاریگەری دروست بکات لەسەر ئاشتی و خۆشگوزەرانی و کەرتی تەندروستی وڵاتانی جیهان. مەبەست لە ئاسایشی خۆراك بەدەستهێنانی خۆراکی تەواو و سەلامەتە بۆ بژێوی ژیانێکی بەختەوەر و چالاکیەکانی ڕۆژانە. ساڵی 2007 قەیرانی خۆراك ڕوویدا و ترس و دڵەڕاوکێی دروست کرد بۆ سەر ئاسایشی خۆراك ، خواست لەسەر خۆراك بەرزبویەوە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی دەوڵەمەندبوونی دانیشتوان.لێرەوە پرسیارێك دروست دەبێت ، ئایا کشتوکاڵ دەتوانێت ئەم خواستە پڕ بکاتەوە ؟ ڕێککخراوی تەندروستی جیهانی سێ ستوونی بۆ ئاسایشی خۆراك داناوە:



-بەردەستبوونی خۆراک:

دابینکردنی خۆراك بەو واتایەی بڕی تەواو لە خۆراك بە بەردەوامی ، بەدەستهێنانی پێکهاتەکانی خۆراك.

-بەدەستگەیشتنی خۆراک:

واتە خەڵك سەرچاوە یاخود سامانی خۆراکێکی گونجاوی دەست دەکەوێت و بتوانێت بە نرخێکی گونجاو بیکڕێت.

-بەکارهێنانی خۆراك و نۆژکردنی ، بەو بەمەستەی خەڵك زانیاری پێویستی دەبێ بۆ ئامادەکردنی خۆراك بە پاك و خاوێنی و پێداویستیە خۆراکە بەسوودەکان.

بە قسەیەکیش لەسەر ئەوە بکەین کە بۆچی خواست لەسەر خۆراك زیاد دەکات ، ئەوە زۆر ڕوونە.

-هۆکاری یەکەم،

زیادبوونی دانیشتوان:

لە ساڵی 1970تاوەکو ئێستا ژمارەی دانیشتوان ڕووی لە زیادبوونێکی بەرچاو کردووە . ئەمڕۆ ئەو ژمارەیە دەوروبەری 7 ملیار کەسە ، پێشبینی کراوە تەگەر نەخۆشی و جەنگ ڕێگا بدەن، تا ساڵی 2050 ئەو ژمارەیە بگاتە 9 ملیار کەس .بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 1950 تاوەکو 2015 بە خێرایی زیادی کردووە .

- هۆکاری دووەم،

زیادبوونی خواست لەسەر خۆراک:

بریتییە لە گەشەی ئابووری ،چالاکیەکانی چین و هیندستان و وڵاتانی تری ئاسیایی هەروەها ئاماژە پەیدابووە سەبارەت بە گەشەی ئابووری هەندێك وڵاتانی ئەفریقی.

دێینەوە سەر پرسیاری پێشوومان: ئایا کشتوکاڵ دەتوانێت زیادبوونی ئەم خواستە پڕ بکاتەوە ؟ ئایا چۆن دەتوانرێ ئەم کارە ئەنجام بدرێ ؟

یەکێك لەو ڕێگایانە زیادبوونی ڕووبەری ڕووی زەوی کشتوکاڵییە ، بەڵام ئەمەش ئاستەنگ و زەحمەتی تێدایە ، لەبەرئەوەی کێبڕکێ لەسەر گەشەی زەویەکان دەکرێ. ئەو گەشەیە دەبێتە هۆی زیادبوونی ناوچەی شارنشین و ناوچەی پیشەسازی و ئەو زەویانەی پێویستن بۆ ناوچە پیشەسازیەکان. هەموو ئەوانە پەیوستە بە گەشەی دانیشتوان . وێنەی دووەم پیشانی دەدات لە ساڵێ 1960بەرەو سەرەوە، ڕووبەری زەوی بەکارهێنان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ زیادی کردوە و پێشبینی کراوە لە داهاتوودا زیاتریش بێ بەڵام نەوەك بە ڕێژەیێکی زۆر گەورە.ڕێگایەکی سەرەکی تر ئەوەیە کە زیادبوونی خستنەڕووی خۆراك لە ماوەی زیادبوونی بەرهەمهێنان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان ،کۆمەڵێك ڕێگای جۆراوجۆر هەن ، لەوانە:

-چاکسازی پۆلینی بەروبومەکان.

-پەرەپێدانی میکانیزمی کشتوکاڵی جیهانی .

-زیادبوونی هاوردەکردنی کەلوپەلی وەك: پەین ، ئاو ، ئاودێری ، قڕکەری ئافات و قڕکەری گژوگیا.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیمانگای کێڵگەی ئوستراليا (کۆی گشتی بەرهەمهێنان زیادی کردوە) لە سێ وڵاتی پێشکەوتووی کشتوکاڵی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، کەنەدا و ئوستراليا ،ئەو هۆکارانە وایان کردوە بەرهەمەکانیان هەناردەی دەرەوە بکەن .لەو سێ دەوڵەتەدا دەرکەوتوە کە بە گوێرەی کات بەرهەم زیادی کردووە بە هێلێکی مامناوەندی. لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەو ئاراستەیە دەروات بەڵام کۆمەڵێك ئاستەنگی لە پێشە بۆ دابینکردنی خۆراك.

پوختە

قەیرانی خۆراکی 2007 مەترسی جدی بوو بۆ سەر ئاسایشی خۆراك. باسی سێ توخمی ئاسایشی خۆراکمان کرد (دابینکردنی خۆراك و بەدەستگەیشتن و بەکارهێنانی) . تێڕوانینمان لەسەر خواستی خۆراك لە داهاتوودا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەی ئابووری . پرسیارێك پەیدادەبێت ئایا زیادبوونی خستنەڕوو بەرهەمە بەدەستهاتوەکان تێپەڕ دەکات؟

•ماستەر لە زانستی خۆراك (کوالێتی و سەلامەتی) و مامۆستا لە بەشی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی گشتی/زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

ئەمەریکا: حزبوڵڵای لوبنان لە هەندێ وڵاتی ئەورووپا ماددەی کیمیایی لە کۆگاناوە



بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ڕێکخراوی حزبوڵڵا لە هەندێ وڵاتی ئەورووپا ماددەی کیمیایی لە کۆگاناوە کە دەتوانرێت لە پێکهاتەی تەقەمەنییدا بەکاربهێنرێن.بەڕێوەبەری یەکەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری سەربە وەزارەتی ناوخۆی ئەمریکا، ناسان سیلز باسی لەوە کرد کە ئەندامانی حزبوڵڵا لە ساڵانی رابردوودا لە بەلجیکاوە ئامۆنیۆم نیتراتیان گواستووەتەوە بۆ فەرەنسا، یۆنان، ئیتاڵیا، ئیسپانیا و سویسرا و، گوماندەکرێت ئەو ماددەی تەقەمەنییە هێشتا لە سەرانسەری ئەورووپا لە کۆگا نراین.لە کاتێکدا سیلز بەڵگەی نەخستەڕوو بۆ ئەو بانگەشەیەی، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمریکا لەو باوەڕدایە لە ساڵی 2012وە تا ئێستا حزبوڵڵا ئامۆنیۆم نیتراتی لەناو کیسەی سەهۆڵ و بە چانتای هاوکاری سەرەتایی گواستبێتەوە.

ناسان سیلز کە بە شێوەیەکی ئۆنڵاین لە کۆڕبەندێکدا ڕوونکردنەوەی دەدا کە لە لایەن کۆمیتەی جووی ئەمریکییەوە میواندارای دەکرا، باسی لەوە کرد کە پێیانوایە ئەمڕۆ ئامۆنیۆم نیتراتە لەکۆگانراوەکە لە یۆنان، ئیتاڵیا و ئیسپانیا هەبن.گوتیشی: وەڵامی ئەوە ڕوونە کە بۆچی حزبوڵڵا لە خاکی ئەورووپادا ئامۆنیۆم نیترات لەکۆگا دەنێت؟ بۆ ئەوە لە کۆگای ناوە کە هەر کاتێك حزبوڵڵا خۆی یان ئاڕاستەکەرانی تاران بە پێویستیان زانی پەلامارێ تیرۆریستیی گەورەی ئەنجام بدات». هاوکات ناسان سیلز داوایکرد وڵاتانی زیاتر چالاکییەکانی حزبوڵڵا قەدەغە بکەن.

مانشێت

دۆپچە ڤیللە:

بەرامبەر بە هەوڵەکانی لە پێناوی نەهێشتنی برسیەتی لە سەرتاسەری جیهاندا،پرۆگرامی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان خەڵاتی ساڵی 2020 ی نۆبڵی بردەوە.



ئیندیپێندێنت:

لە پیۆنگ یانگی پایتەختی کۆریای باشوور و لە مەراسیمێکی گەورەی سەربازیدا ، سوپای ئەو وڵاتە موشەکێکی تازەی کیشوەرپری بالستی پیشانی جیهان دا.



سکای نیوز:

لە رۆژئاوای فەرەنسا و لە ئەنجامی بەریەککەوتنی دوو فڕۆکەدا 5 کەس گیانیان لەدەست دا.



یۆرۆ نیوز:

وێڕای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، هەردووك سوپای ئەرمینیا و ئازەربایجان بەردەوامن لە کردەوە سەربازیەکانیان لە هەرێمی کاراباخ.



ئەی ئێف پی:

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەرۆکێکی نوێ، دانیشتوانی کۆماری باکوری قوبرسی تورکی دانپێدانەنراو ڕوویان کردە بنکەکانی دەنگدان.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

پزیشکی کۆشکی سپی ڕایگەیاند ، دوای ئەنجامدانی پشکنین ، دەرکەوت مەترسی ئەوە لەسەر ترامپ نەماوە کە ببێتە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی کورۆنا.





مەرجەکانی چاندنی درەخت لە لێوارى شەقامەکاندا



درەخت لە لێوارى شەقەماکاندا بە مەبەستى جوانکارى و دروستکردنى سێبەر و کەمکردنەوەى ئاستى رەنگى رووەك دەچێندرێت، جۆرى شەقامەکانیش دەگۆڕێن وەك شەقامى بازرگانى و شەقامى پیاسە و کات بەسەربردن یان شەقامێك کە لە یەکێ لە وەرزەکانى ساڵ بەکار دێت وەك رێگاى هاتووچۆ بۆ قوتابخانە یان زانکۆ کە لە وەرزى هاویندا زۆر بەکار ناهێنرێت، یان شەقامى سەیرانگەکان و نەمامگەکان کە بە درێژایى ساڵ بەکار دێت. ئەمانەش مەرجى چاندنى درەختە لە لێوار شەقامەکاندا:

یەکەم: درەختەکان لەگەڵ شوێنەکە دەچێندرێن کە دووەم: ئەو درەختانە هەڵدەبژێردرێت کە گەشەکردنیان ستوونییە یان بە شێوەى چەتەرە، بە پێى بارودۆخى شەقامەکە لە رووى فراوانى و زۆرى تەلى کارەبا. لەو شوێنانەى تەلى کارەباى زۆرە پێویستە ئەو درەختانە هەڵبژێرین کە توانای بڕین و هەڵپاچین و دروستکردنى شێوەیان هەیە.

سێیەم: شەقامەکە بە یەك جۆر درەخت دەچێندرێت مەگەر ئەو شەقامانانە نەبێت کە درێژن، لەو کاتەدا دەکرێت بە چەند جۆرە دارێك بچێندرێت.

چوارەم: درەختەکە پێویستە لەو جۆرانە بێت کە لە تەنیشتەکانیدا لق وپۆپى زۆر دەرناکات و درێژ نابێت بۆ ئەوەى نەبێتە رێگر لە بەردەم هاتووچۆى ئۆتۆمبێل و پیادە.

پێنجەم: بە باش دەزانرێت ئەو درەختانەى گوڵدارن و گەشەیان سنووردارە بچێندرێت.

شەشەم: دەکرێت ئەو درەختانەى توانای دروستکردنى شێوەیان هەیە لە کۆمەڵە سەوزەکانیان، بچێندرێن، کە توانای بڕینى زۆریان هەیە و گەشەکردنى کۆمەڵەى سەوزى کەمە.

چەند زانیارییەک سەبارەت بە پەینی داپ



پەینی داپ پەیدەکى فۆسفاتییە، بە شێوەیەکى سەرەکى لە سیستەمى پەینکردن لە هەرێمى کوردستاندا پشتى پێ دەبەسترێت. پەینى داپ لە 46% فۆسفات و 18% نایترۆجین پێکدێت، لەگەڵ کرداری چاندن (تۆودان)ى بەروبومە کێڵگەییەکان بەکار دێت.

لەم دواییەدا ژمارەیەکى زۆر کۆمپانیا پەینى داپ بەرهەم دێنن هەر یەکەو بە رەنگێك، لە هەندێك کاتدا کۆمپایایەك بە دوو رەنگ پەینى داپ بەرهەم دێنێت، بەڵام ئایا هۆکارەکەى بۆ چى دەگەڕێتەوە؟ ئەو رەنگەى داپ هیچ کاریگەرییەکى فیزیایى یان کیمیایى یان بایۆلۆجى لەسەر بەروبومەکە دەبێت؟

داپ پەیدەکى کشتوکاڵى فسفۆر بەرزە و تێکەڵ کراوە بە توخمى نایترۆجینى بە بڕێکى باش کە بە سوودە بۆ رووەك لە سەرەتاى گەشە کردنیدا، رەنگە جیاوازەکان هیچ ئاماژەیەکى فیزیایى یان کیمیایى یان بایۆلۆجى نییە، تەنها دەرئەنجامى شوێنى دەرهێنانى فۆسفۆرە لە بەردە فسفۆرییەکان، لەم دواییەدا کۆمپانیاکان بۆ مەبەستى ریکلامکردن بۆ بەرهەمەکانیان و بازرگانیکردن رەنگى بەرهەمەکانیان دەگۆڕن. لە عیراق و هەرێمى کوردستان جوتیاران لەو باوڕەدان پەینى داپى رەنگ رەش باشترین جۆرى ئەم پەینەیە.

گوڵى قەرەنفل تەمەندارە



قەرەنفل (Dianthus Caryophyllus) رووەکێکى تەمەندارە و گوڵەکانى شیاوە بۆ لێکردنەوە، گەڵاکانى تیلمەییە و گوڵەکانى لە قەبارە و رەنگ جیاوازن، زێدى رەسەنى قەرەنفل دورگەکانى مۆلۆکاى ئەندەنوسایى و باشووری فلیپینەە. ئیستا قەرەنفل بە شێوەیەکى فراوان لە زۆر وڵات دەچێندرێت وەك تەنزانیا و مەدەغەشقەڕ و چیاکانى ئەندیز و بەرازیل. لە رێگاى لێکدانەوە جۆرى زۆر بەرهەمهاتووە وەك گوڵ سپى و گوڵ سوور و گوڵ پەمەیى، هەندێکیان چەند رەنگى تێکەڵ بە یەکن، سەرەڕاى قەبارەى جیاواز.

قەرەنفل پێویستى بە هەندێك گرنگى پێدان هەیە وەك لادانى شیلە و قەدەکانى ژێرەوەى رووەك و بڕینى سووك (هەڵپاچین). پلەى گەرمى نموونەیى بۆ گەشەى گوڵەکان لە نێوان 18 بۆ 22 پلەى سەدییە، پێویستى بە شێوەیەکى ماناوەندى و خاکێکى بە پیت هەیە، حەفتانە جارێك بۆ دوو جار پەین دەکرێت بۆ بەدەستهێنانى گوڵى چاك، باشتر وایە دارێك وەك پاڵپشت بۆ قەدەکە دابنرێت بۆ ئەوەى گوڵەکان راست بن. ئەو رووەکە بە قاشوو (قەڵەم) زیاد دەکرێت.

چى رووەدات ئەگەر بە یەکجارى گۆشت نەخۆین؟



شارەزاى خۆراکى روسیا (ئۆلگا کۆڕابیلۆڤا) دەڵێ: کەم خوێنى (ئەنیمیا) و کێشەکانى دڕان بەشێکى کەمەلە لیستى ئەو کێشانەى دووچارى ئەوکەسانە دێت کە بەیەکجارى خواردنى گۆشت لەخۆیان قەدەغە دەکەن.

ئاماژەش بەوە دەکات کاتێك کە مرۆڤ سیستەمى خۆراکى خۆى دەگۆڕێت کە گۆشتى تێدایە بۆ سیستەمێکى خۆراکى رووەکى پێویستە بزانێت جەستە پێویستى بە کات هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە، لە رۆژانى یەکەم کێشەى غازات و پەنمانى سکى دەبێت، چونکە ئەو بەکتریایەى توانای دابەشکردن و شیکردنەوەى سلیلۆزى سەرجەم رووەکەکانى هەیە لە ریخۆڵەکاندا ژمارەیان کەمە، بۆیە هەڵمژینى پرۆتینى رووەکى کارا نابێت.

گۆشت یەکێ لەو خۆراکانەیە کە زیاترین هەستى تێر بوون بە مرۆڤ دەبەخشێت، 100 گرام لە گۆشتى کوڵاو 20-30 گرام پرۆتینى تێدایە. (گۆشتى بەرخ 22 گرام، گۆشتى کەرێشك 25 گرام و گۆشتى گوێرەکە 29 گرام). مرۆڤى پێگەیشتوو لە رۆژێکدا پێویستى بە 60-80 گرام پرۆتین هەیە کە باشتر وایە 50%ى سەرچاوەکەى ئاژەڵى بێت.

لە درێژەى قسەکانیدا ئەو شارەزایە روسیە ئاشکرایدەکات: ئەگەر کەسێك خواردنى گۆشت جێبهێڵێت ناچار دەبێت بڕێکى زۆر هایدرۆکاربۆنات بخوات بۆ زاڵبوون بەسەر هەستى برسێتى بەوەش توانای کۆنترۆڵکردنى کێشى لەدەست دەدات.

نەخواردنى گۆشت بە یەکجارى دەبێتە هۆى کەمى ڤیتامینەکانى D, B12 و یۆد و فۆسفۆر و کالیسیۆم، جگە لەوە پرۆتینى رووەکى هاوکارە بۆ دەردانى کالیسیۆم لە جەستەدا لە رێگاى میزکردن بەوەش دۆخى ددان و ئێسك و قژ خراپ دەبێت، کە 90% ئەوانە لە پرۆتینێك پێکهاتووە بەناوى (کیراتین)، هەروەها وازهێنان لە خواردنى گۆشت دەبێتە هۆى وشکبوونى پێست و زوو شکانى نینۆکەکان. بۆیە هەر 6 مانگ جارێك کەسەکە پێویستە پشکنین بۆ خوێن و میز بکات بۆ زانینى رێژەى پرۆتینى (فیریتین) کە بەرپرسە لە داکردن و دەردانى ئاسن. ئەو پرۆتینە زۆر پێویستە بۆ ئەنجامدانى فرمانە سروشتییەکانى ماسولکە و چاکبوونەوە دواى ئەنجامدانى وەرزش و مەشقەکان.

ئاماژەش بەوە دەکات ئەو کەسانەى واز لە خواردنى گۆشت دێنن هەست بە سووکى جەستە و هەست بە ئارامى دەروونى دەکەن، بەڵام ئەوەش ئەگەرى هەیە یەکەم نیشانەى کەم خوێنى بێت، چونکە جەستە لەم کاتەدا بڕێکى کەمتر خڕۆکە سووڕەکان دروست دەکات کە ئۆکسجین لە سییەکانەوە بۆ سەرجەم بەشەکانى جەستە دەگوازنەوە، لە قۆناغە دواییەکانى کەم خوێنى مرۆڤ هەست بە تەنگە نەفەسى و بێ هێزى و ماندییوون و شەکەتى خێرا دەکات.

شایەنى ئاماژەیە تەنها جۆرى خواردن هۆکار نیە بۆ کەمخوێنى بەڵکو کەم بوونى ڤیتامین B12 و ئاسن لە جەستەدا هۆکارى دیکەن، جەستە ئاسن هەڵدەمژێت کە لە پێکهاتەى هیمۆگلۆبین دا هەیە بە شێوەیەکى چالاك لە گۆشتدا و بە رێژەى 25% لە شیر و هێلکە.

ئەو شارەزایەى بوارى خۆراك ئاماژە بەوە دەکات لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە وازهێنان لە خواردنى گۆشت مەترسى تووشبوون بە نەخۆشییەکانى دڵ و خوێنبەرەکان کەم دەکاتەوە بە رێژەى 22% بۆ کەم کردنەوەى رێژەى تووشبوون بەم نەخۆشییانە پێویستە کێشى دابەزێنرێت، چونکە قەڵەوى هۆکارى سەرەکییە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانى دڵ.


لە کۆتایدا دەڵێت: پێویستە ئەو کەسەى بە یەکجارى واز لە خواردنى گۆشت دێنێت و سیستەمى رووەکى جێبەجێ دەکات پێشوەختە سەردانى پزیشکى راوێژکارى بکات.

پاڵەوانەکەی جیهان باس لە پاڵەوانێتییەکانی ئۆنلاین بۆ خەبات دەکات



مێری ئەرابیدزە:

پاڵەوانێتییە ئۆنلاینەکان ئەو تاموچێژەی نییە کە بەرامبەر رکابەرەکەت دانیشتووی



خەبات: هاوار مورتکەیی

هەواکت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کە کاریگەریی خۆی لەسەر تەواوی کایەکانی ژیاندا درووست کرد و وەرزشیش یەکیک لەو کایانە بوو کە زۆرێک لە یاڵەوانیتییەکانی راگرت، بەتایبەتیش لە یاری شەترەنج کە بەهۆی نزیکیی هەردوو یاریزان لە کاتی یاریکردن، پاڵەوانێتییەکان وەستێران، بەڵام دواتر لە ریگەی ئۆنلاینەوە زۆرێک لە پاڵەوانێتییەکان بەردەوامییان پێدرا، بەڵام ئەو تام و چێژەی جارانی نابێت، لەمیاردیەوە خاتوو مێری ئەرابیدزە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی جۆرجیا کە لە ساڵی 2015 ناسناوی پاڵەوانێتی جیهانیان بەدەستهێنا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات گوتی: بەشێوەیەکی راشکاوانە دەڵێم هیچ حەز لە پاڵەوانێتییەکانی ئۆنلاین ناکەم، ئەو تام و چێژەی نییە کە بەدەست داشەکان دەجولێنی و رکابەرەکەت بەرامبەرت دانیشتووە.

مێری Meri Arabidze کە هەڵگری بڕوانامەی WGMە زیاتر دەڵێت: ئێستا کە یاری شەترەنج لەریگای ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت بۆتە شتێکی رۆژانەی رۆتینی، کە چەندین کێشەت بۆ دروست دەکات، بەڵام نامەوێ لە گرنگیی ئۆنلاین لەم کاتەدا کەم بکەمەوە، چونکە زۆر گرنگە بۆ شەترەنجزانان کە بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەن و خەڵاتەکانیان ببەنەوە، هەروەها دەڵێت: کاتێک بەهۆی ئەو پەتا نەگریسەوە هەموو پاڵەوانێتییە گرنگەکان دواخران، شتێکی نایاب بەناوی شەترەنجەوە نما، من لە ریگەی ئینتەرنێتەوە بەشداری چەند پاڵەوانیتییەک دەکەم، بەڵام تەنها بۆ بردنەوەی چەند خەڵاتێک، لەهەمان کاتیش لە ریگای ئینتەرنێتەوە وانەکانی شەترەنج دەخوێنم، واتە ئێستا هەموو شتێکمان بووتە ئینتەرنێت.

جێی باسە مێری ئەرابیدزە لە ساڵی 1994 لە تبلیسی لەدایک بووە، لە ئاستی خوار 10 ساڵیدا توانیویەتی ناسناوی ئەوروپا و جیهان بەدەست بهێنێت، و ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی جۆرجیایە و هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەری ئافرەتانە هەوڵی ئەوە دەدات بڕوانامەی گراندماستەری فیدا بەدەست بهێنێت.

فاتی بەباشترینی لالیگا دەستنیشانکرا

یاریزانی لاوی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی یاریزانی مانگی ڕابردووی خولی ئیسپانی توانی ناستێکی بەرز پێشکەش بکات.

یاریزانە تەمەن 17 ساڵانەکە لە بەرشلۆنە لە خولی ئیسپانی توانیویەتی سێ گۆڵ بۆ یانەکەی شایەنی باسە یانە کەتەلۆنیەکە ئەنجام داوە و توانیویەتی ئەنسۆ فاتی خەڵاتی باشترین بەدەستهێنا دوای ئەوەی هەر سێ یاریەکەی بەشداریکردووە و تۆمار بکات.

لەم وەرزەدا سێ یاری حەوت خاڵ کۆبکاتەوە.



ئیگا یەکەمین ناسناوی بۆ پۆڵەندا بردەوە

ئیگا سواتیک خانمە تێنسزانی پۆڵەندی توانی یەکەمین ناسناوی پاڵەوانێتی رۆلان گارۆس بۆ تێنس بەدەست بهێنێت و بیکاتە دیاری یەکەمین ناسناوی پاڵەوانێتییە گەورەکە بۆ وڵاتەکەی.

ئیگا لە یاری کۆتاییدا توانی بە دوو کۆمەڵە بەرامبەر بەهیچ لە رکابەرەکەی سۆفیا کینینی خانمە تێنسزانی ئەمەریکی بردەوە، کە رۆژی شەممە لە یاریگای فیلیپ شاتریێ بەرێوەچوو، بەمەش سواتیکی تەمەن 19 ساڵان یەکەمین وەرزشوانی پۆڵەندییە کە ناسناوی پاڵەوانێتییە گەورەکە بۆ وڵاتەکەی دەباتەوە و دووەمین یاریزانی بێ پۆڵینە کە بتوانێت ئەم ناسناوە بباتەوە.

بڕیارێک هاندەرانی مەدرید نیگەران دەکات

فێدراسیۆنی تۆپی پێ ئیسپانیا بە شێوەیەکی فەرمی رایگەیاندووە ڕێگە نادەن هاندەران لە مەدرید لە یاریگاکان ئامادەبن.

ماڵپەڕی فێدراسیۆنی تۆپی پێ ئەوروپا بلاویکردووە، بە هۆی سەرهەڵدانەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و مەترسیەکانی ئەم پەتا جیهانیە، ڕێگە نادەن هاندەران لە مەدریدی پایتەخت ئامادەی یاریەکان بن، بەم شێوەیە تا ئەو کاتەی ڕێگە بە گەڕاندنەوەی هاندەران دەدرێت، هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئاتلێتیکۆ مەدرید بە بێ ئامادەبوونی هاندەرەکانیان ڕووبەڕووی رکابەرەکەیانیان دەبنەوە. شاهانەکان لە یەکەم یاریی وەرزی نوێێ چامپیۆنزلیگ 21ـی ئەم مانگە میواندارى شاختارى ئۆکرانینی دەکەن و لە بەرامبەردا ئاتلێتیکۆ مەدریدیش 27ـی مانگ میواندارى لایپزیگی ئەڵمانیا دەکات.

ڤیتیل: ناتوانم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم

ساستیان ڤیتیلی شۆفێری فیراری دووپاتی کردەوە دەیەوێت باشترین ئاستی لە پاڵەوانێتی خەلاتی گەورەی ئەڵمانیا پیشکەش بکات، ئەویش دوای ئەوەی لە هەمان پا ڵە و ا نێتی رابردوودا لە پلەی 11یەم هات.

فیتیل بیانووی بۆ ئەوە هێنایەوە کە بەو ئوتۆمبێلە کە خاوەندارێتی خۆیەتی ناتوانێت هیچ بکات و گوتی: پێویستە ئەو راستییە بڵێم کە بەم ئوتۆمبێلە ناتوانم باشتر پیشکەش بکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە گۆڕینی تایەکانی بتوانم ئەمجارە لەوەرزی رابردوو باشتر دەربکەوم، بەڵام دڵنیام ناتوانم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم.



خەبات

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

Mon. 12 Oct. 2020 No. (6020)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر


بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هونەرمەند بێریڤان سەربەست :

وەک هەمو ئافرەتانی جیهان ئەتوانین دەستێکی بااڵمان لە بەرەوپێشبردنی وڵاتدا هەبێت

دیمانە: وریشە عومەر



بێریڤان سەربەست خالید لەدایکبووی ساڵی 1987 لە گەڕەکی ئاباڵاخی شاری سلێمانییەو هەر لە شاری سلێمانی تاکو شەشی ئامادەیی خوێندووە ، دەستپێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2007 لە شانۆییەکدا بەناوی (کات ژمێر) لە ڤیستیڤاڵێکی گەورەی دەربەندیخاندا وەک هونەرمەند خۆی گوتەنی: (لەو ڤیستیڤاڵەدا چاوم کەوت بە (مامۆستا سەربەست) کە جێی شانازیە بۆ من و کاریگەری زۆرێک لە ئەکتەرەکان لەسەرم هەبوون تاکو بێمە ناو بواری هونەرەوە بەتایبەتی ئافرەتەکان وەک: (ئاوارە کوردی و بەدیعە دارتاش و خاتو گەزیزە و... چەند ئافرەتێکی تری بەتوانای بوارەکە، تاوەکو ساڵی 2010 بەردەوام بووم لە بواری شانۆدا، بەاڵم دواتر بەهۆی خوێندنەوە ، لە هونەر و شانۆ دوور کەوتمەوە و جارێکی تر لە ساڵی 2018دەستمکردەوە بە کاری هونەری . خاتوو بێریڤان بەم شێوەیە وەاڵمی پرسیارەکانی (خەبات) ی دایەوە:

• چۆن باس لە ئەزموون و ئاشنا بوونت بە دونیای هونەر دەکەیت؟

- هەر لە منااڵیمەوە هەستم کردووە کە توانای ئەکتەریم هەیەو بە تێپەڕ بونی کات و گەورە بوونیشم زیاتر بە کاری هونەری ئاشنا بووم و هاوکات کاریگەری چەند کەسایەتیەکی ناو ئەو بوارە هاندەر بوون بۆ ئەوەی کە من لە ساڵی 2007 بێمە ناو بوارەوە یەکەم ئەزموونی کاری من، شانۆییەك بوو بەناوی (کاتژمێر) کە لە ڤیستیڤاڵێکی گەورەی دەربەندیخاندانمایشکرا.

• وەك كچە ئەكتەرێك دەتەوێت چی بكەیت بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی پێش خۆت نەیانكردبێت؟

- وەك ڕوونە هەموو ئەكتەرە ئافرەتەكان لەسەردەمە جیاوازەكاندا كۆت و بەندی كۆمەڵگەیان شكاندووەو هاتونەتە مەیدانەكەوەو توانیویانە بە هونەرەكەیان كێشەكانی كۆمەڵگا بخەنە بەر دیدی بینەرانیانەوە ، تابەم شێوەیە هونەری كوردییان بەرەوپێشبردووە منیش ئەمەوێ بە هەمانشێوەو باشتر بەرەو ئەو ئامانجە بڕۆم و جێ دەستی خۆم بە سەر هونەرەكەمەوە بە جێ بێڵم

• تاچەند بوار ڕەخساوە بۆ ئێوەی ئافرەت كە بتوانن وەك بوارەكانی دیكەی ژیان لە بواری هونەریدا كار بكەن؟

- لەگەڵ ئەوەی هەوڵەكان چڕ ترن و بۆ بەرەمهێنانی دراما لە ئێستادا بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هونەری كوردی كە ئافرەت ڕۆڵی سەرەكی پێ ئەدرێ بە بەراوورد لەگەڵ ڕابردوو كە زیاتر دەورە الوەكیەكان ئەدرا بەژن لە ئێستادا بە شێوەیەكی تر هەم لەاڵیەن دەرهێنەرەوە هەم لەاڵیەن كۆمەڵگاوە وردە هەستی پێ ئەكرێ كە كوردیش لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە بۆ هونەر چاویان كراوەتەوەو كە چیدی ئەو ڕێگری و لەمپەرانە نەماون كە پێشووتر بۆ ئافرەتەكان لەبواری هونەردا ئەهاتنە پێش خۆشحاڵانە لە ئێستادا كۆمەڵێ گەنجی بەتوانا كە ساڵانە لە فیلم و دراماكاندا بەشداریدەكەن ڕێژەكەیان بەرەو زیاتر ڕۆیشتووە شانبەشانی پیاوان وەكو هەر پیشەیەكی تر كۆمەڵگا ڕەزامەندی نواندووە كە ئێمەش بێینە بواركەوە.

• تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت ؟

- هەتاوەكو ئێستا بەشداریم لە (8) بەرهەمی درامی و شانۆیی و كورتە فیلمدا كردووە ، یەكێك لەو بەرهەمانە بەناوی (بەختە بارانە) وەیە كە من بە ڕۆڵی نیگار بەشداریم تیا كردووە كە هەفتەی (2) ڕۆژ لە كەناڵی ئاڤا ئینتەر تەیمەن پەخشدەكرێ .

• توانا بەهرەی ئافرەتە ئەكتەرەكان چۆن دەبینی بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر ؟

- لەگەڵ ئەوەی هەوڵەكان چڕ ترن و بۆ بەرهەمهێنانی دراما لە ئێستادا بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هونەری كوردی كە ئافرەت ڕۆڵی سەرەكی پێ ئەدرێ بە بەراوورد لەگەڵ ڕابردوو كە زیاتر دەورە الوەكیەكان ئەدرا بەژن لە ئێستادا بە شێوەیەكی تر هەم لەاڵیەن دەرهێنەرەوە هەم لەاڵیەن كۆمەڵگاوە وردە هەستی پێ ئەكرێ كە كوردیش لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە بۆ هونەر چاویان كراوەتەوەو كە چیدی ئەو ڕێگری و لەمپەرانە نەماون كە پێشووتر بۆ ئافرەتەكان لەبواری هونەردا ئەهاتنە پێش خۆشحاڵانە لە ئێستادا كۆمەڵێ گەنجی بەتوانا كە ساڵانە لە فیلم و دراماكاندا بەشداریدەكەن ڕێژەكەیان بەرەو زیاتر ڕۆیشتووە شانبەشانی پیاوان وەكو هەر پیشەیەكی تر كۆمەڵگا ڕەزامەندی نواندووە كە ئێمەش بێینە بواركەوە.

• تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت ؟

- هەتاوەكو ئێستا بەشداریم لە (8) بەرهەمی درامی و شانۆیی و كورتە فیلمدا كردووە ، یەكێك لەو بەرهەمانە بەناوی (بەختە بارانە) وەیە كە من بە ڕۆڵی نیگار بەشداریم تیا كردووە كە هەفتەی (2) ڕۆژ لە كەناڵی ئاڤا ئینتەر تەیمەن پەخشدەكرێ .

• توانا بەهرەی ئافرەتە ئەكتەرەكان چۆن دەبینی بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر ؟

- لەگەڵ ئەوەی هەوڵەكان چڕ ترن و بۆ بەرهەمهێنانی دراما لە ئێستادا بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هونەری كوردی كە ئافرەت ڕۆڵی سەرەكی پێ ئەدرێ بە بەراوورد لەگەڵ ڕابردوو كە زیاتر دەورە الوەكیەكان ئەدرا بەژن لە ئێستادا بە شێوەیەكی تر هەم لەاڵیەن دەرهێنەرەوە هەم لەاڵیەن كۆمەڵگاوە



ئەوەی بەرهەمێکی کوردی ڕەسەن بەرهەم بهێنرێ .

• هونەر چی پێ بەخشیویت و چی لێ سەندوویت؟

- هونەر متمانە بەخۆ بوون و هێزی پێ بەخشیووم و لە بەرامبەردا تا ڕادەیەك ئازادی لێ سەندوومەوە بەوەی کە دەرکەوتن لە کۆمەڵگایەکی وەك کوردستان ئاسان نەبووە بۆ دەرکەوتن.

• وەکو ئەکتەرێك چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی کە لە کەناڵەکاندا پیشاندەدرێن؟

- دراماى بیانی کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر دراماى کوردی و لەسەر بینەری کورد بەتایبەتی، بۆیە پێویستە ڕوونکردنەوە بدرێ بەخەڵك لە ڕێگەی پڕۆگرامێکەوە کە کاریگەرە نێگەتیڤەکان کەم بکاتەوە لەسەر تاکی کورد یان سانسۆرێك لەسەر ئەو دراماییانە دابنرێت و ڕوون بکرێتەوە کە هەندێ دیمەنی نەخوازراوی دوور لە ڕەوشت و ئادابی کوردی بتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر کۆمەڵگا بە تایبەتی گەنجەکانمان کە لە ئێستادا ئاڵودەی تەماشاکردنی فیلم و دراما بیانیەکانن.

• هونەر لە خۆشەویستی یان دایك یان نیشتیمان سەرچاوەی گرتووە،شیعرەکانی تۆ بۆ کام بواری ؟

- بەڕای من نیشتیمان و دایك زۆر لەوە پیرۆزترن کە پیاهەڵدانیان بۆ بکەی ڕەنگدانەوەی شیعرەکانی من زیاتر بۆ خۆشەویستی سەرچاوەی گرتووە.

• تاچەند الت ئاساییە شیعر بەبااڵیی پیادا بهۆنیتەوە ؟

- من زۆر بەئاسایی ئەیبینم وەك چۆن شاعیرە پیاوەکان پیا هەڵدانیان هەبووە بەسەر جوانی ئافرەتاندا بە هەمانشێوە ئافرەتانیش ئەتوانن بە ئازایەتی و بوێری پیاوانی کوردادا هەڵبڵێن.

• وەکو هونەرمەندێکی ئافرەت لەمپەرەکانی سەر ڕێت چین؟

- ناهۆشیاری تاك بەرامبەر هەوڵی ئافرەت ئەگەر نا ئێمەش وەك هەموو ئافرەتانی جیهان ئەتوانین دەستێکی بااڵمان هەبێت لە بەرە و پێشبردنی وڵاتا ئەگەر لەمپەرەکان نەمێنن ئەتوانین ڕێچکەکان بە ئاسانی تێکبشکێنین .

• دوا پڕۆژەت چییەوخەون بەچییەوە دەبینیت؟

- دوا پڕۆژەم پێشکەشکردنی چەند درامایەکە لەگەڵ مامۆستا حیکمەت هیندی و کاك ڕێبوار ڕەحیم کە ئەم درامایانە زیاتر لە سێ کەناڵ داواییان کردووە و لە ئێستادا لە کاری وێنەگرتندایین لەگەڵ دەرهێنەری بەتوانا مامۆستا عیزەدین قادر ، وە کورتە فیلمێك بە ناوی (بڕیاری هەڵە) کە لە (نووسینی کاك ئاکۆ ڕەشە و لە دەرهێنانی (مامۆستا هاوڕێ قادر ڕەشید) ـە، کە من وەك ئەکتەر تێیدا بەشدارم ، خەونی من ئەوەیە کە کورد بگاتە ئاستێ کە من یەکێك بم لەوانەی کە بتوانم دراماو فیلمی کوردی بناسێنم بە وڵاتانی دەرەوە دراماى کوردی بگاتە ئاستی خەاڵتە جیهانیەکان.

بلوتوز بووەتە مەترسی بۆ زۆرێک لە ئامێرەکان



تۆژەرانی سەلامەتی زانیارییەکان، هۆشداری لە کێشەیەکی «بلوتوز» دەدەن، کە ملیۆنان ئامێری هۆشمەندی خستووەتە بەردەم هەڕەشە، کە هاککەران دەتوانن لە ڕێگەیەوە دەستیان بە زانیارییەکان بگات. بە گوێرەی تۆژەران، پێکبەستنەوەی بیستۆك و پڕێنتەر و ئامێرەکانی دیکە لە ڕێگەی بلوتوز بە مۆبایلە هۆشمەندەکان، سەلامەت نییە و هاککەران دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە داتاو زانیاری ناو ئامێرەکان بگات.

تۆژەران ڕوونی دەکەنەوە، هاککەران دەتوانن داتان بدزن، یان گوێ لە ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان بگرن و تەنانەت ناوەڕۆکەکەی بگۆڕن، بۆ ئەو ئامێرانەی کە پێشتر لە ڕێگەی بلوتوزەوە بە ئامێری دیکە بەستراونەتەوە. بە گوێرەی وێبسایتی ماشابڵی تایبەت بە هەواڵی تەکنەلۆجی، ئەو گرفتەی لە بلوتوز هەیە، کۆدی سەرەکی ئامێرەکە بۆ پەیوەندیکردن بە هاککەر دەدات و دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاڵوگۆری داتاکان بکات لە نێوان مۆبایلی هۆشمەند لەگەڵ ئەو ئامێرەی پێکبەستراونەتەوە، بەو جۆرەش هاککەران دەتوانن هەرچی زانیاریی ناو مۆبایلەکە هەیە، بەر دەستیان بکەوێت.

پسپۆران لە زانکۆکانی سەنگافورە بۆ تەکنەلۆجیا و نەخشەسازی و تۆکسفۆرد و دامەزراوەی سیسبا، کە دامەزراوەیەکی ئەڵمانییە و گرنگی بە ئەمنیەتی زانیاریەکان دەدات، کاریان لەسەری کردووە.

هەر لە ڕێگەی ئەو گرفتە کە پێیدەگوترێت «کلیلی کۆدکردنی بلوتوز یاخود KNOB»، دەتوانرێت بلوتوزی ئاسایی لە ڤێرژنەکانی 1.0 تا 5.1 کۆنترۆڵ بکەن، بەمەش هاککەران هەموو شتێکیان دەکەوێتە بەر دەست.

مەترسییەکی دیکەی خوێی چێشت ئاشکرا دەبێت

پسپۆران تۆیکاری و تۆژینەوەیان لەسەر پێستی ئەو نەخۆشانە کردووە کە هەستیاری درێژخانەیەنی پێستیان هەیە دەرکەوتووە، لەو شوێنانەی پێست کە هەوکردنی هەیە، ڕێژەی خوێ و سۆدیۆم، 30 هێندەی ڕێژەی ئاسایی بەرزترە. تۆژەران ئەوەیان دەرخستووە، کلۆریدی سۆدیۆم "خوێی چێشت"، خانەکانی "Th2" والێدەکات، ڕێژەیەکی یەکجار زۆر پرۆتینی ئینتەرلۆکین 4 (IL4) و ئینتەرلوکین (IL-13) بەرهەمبهێنێت، ئەوەش وا دەکات هەستیاری پێستی درێژخایەن، زۆر زیاتر بێت.

خانەکانی "Th2"، بە ژمارەیەك خانەی الوەکی یارمەتیدەر "CD4+" دادەنرێت لە لەشی مرۆڤ، هەر کاتێك خانە وابەستەکان بە تەنێکی دژبەر دەکەون، خانەکانی لیمفاوی چاالك دەبن و دەگۆڕێن بۆ خانەی "Th2"، ئینجا ڕێژەیەکی گەورە لە تەنە دژبەرەکان و سیتۆکینات کە هۆکاری سەرەکی هەوکردنە، بەرهەمدەهێنرێت.

